Dr.Saleh Ebrahimi



# یوسف و زوله یخا

دەبێ بلێین: ئێمە مانان ئەگەر بە وردی بۆ تەرجەمە و تەفسیری ئایاتی قورئان بروانین و تیێ بفکرین مەبەست و سوژە گەلێ زۆرمان دەس دەکە وێ کە دە تـوانـین بـاشترین و تەواوترین خەزینە و گەنجینەی وێژاوەری وئە دەبی و هونەری بۆ خۆمان و بۆزمانە کە مان بەدی بهێنین و سازی بدەین و لەوانە باشترین و عالیترین شوێـنە وارلە هـەموجۆرە چریکە و چیروکی ئەدەبی، ئەخلاقی و کۆمە لایەتی گیرا و دڵ لاوێن بەدی بێنین و بیان خولقێنین کە تەمەن کورت نەبن و بە لکو تەمەن درێـژبن و چـە نـدین سـەدە بـە سـەر زمانانەوە بمێننەوە و خۆراگرن و خۆبنونێن.

بە یەقین لە وێژاوەری و ئە دەبی هاوخولدا، هێمان مە بە ستی کۆنە و کە و نارای بەرەی مرۆف، چنیشتمانی یا جیهانی و نێوگە لانی بەسەر مە بە ست گەلی دیکە دا بۆوێنە مەبە ستی تازە و نۆی کە لە نێو ترێنە کان و قە تار یا فروکە و باڵوێنە کان، وە یا لە پەراوە خانە کانی شارە گرینگ کانی دنیا داهەن، تێ دە پە ڕێو دەبورێ و لە و شوێنانەدا دەس پێی دە کرێ و بەئەنجام دە گا، گیراتر و دڵ لاوێن تر و پڕ-خۆزیارتربێ. سەرەتای دەورەی تازە بونەوەی ئەدەبی ئوروپا و رونسانس یش بە کە لک وەرگرتن لەم جۆرە مەبەستە کۆنە و کە و نارایانە، وە شەرح و تەوسیفی ئەم جۆرە، وە شیوۆە حیکایەت و ئەفسانانەی خوایانی رۆم و یونان و وڵاتانی دیکە سەری هەڵداوە و پێگە پیشتوە.

با شترین کتێبی دەق و بلاوک و هۆنە و نـەزم و شێـعری ئـوروپا هـەرئەوانـەن وا لەم سەرچاوە و کانە لە بن نەها تووەی چریکە و چیروکانەی نەتەوە و هۆزە جۆرا و جورە، کان و سەر چاوانە، تەر و پاراو کریاون و بنەرەتی پەرە گرتن و پەرە پێدان و پێشخستنی وێژاوەری ئەو دەورانەش لەسەرئە و بنەرەتانە دانریاوە و قایم و پتە و کریاوە.

لە چاخ و خولی ئێمە مانانداکە گۆریان و چونە پێشەوە لە وێژاوەری ئیسلامی تازەو نوێدا پەیدا بووە و پەیدادەبێ و نوسەری، هەستیاری لە تایبەتی و جەغزی تایبەتی دێتە دەرێ و کە وتۆتە دەس کچان و کورانی قۆز و لاوی بیروردی، خاوەن هونەرودە کە وێتە، دەس

Dr.Saleh Ebrahimi



گەنجان و لاوان و گەورە کچانی هونەروەر و هونەر دۆست، وە خۆیی کێشاوەتە جەغزی گشتی و لەتایبەتی هەندێ کە سان دەر چووە، بە لام دە بێ‌بڵێین: کە هێمان وێژە و وێژەوانی نە گە یشتوّتە دەست گشت مروفێک، هەڵبژاردن و گوڵ بژێری مەبەست لەو روداوانەی کە لە قورئان داهەیە، روداوی مێژویی، دینی، ئۆلی، مەزهەبی، رێباز، رچەیی وەئە فسانەی رابوردوان، خۆشە ویستی، وە برەوێ بێ‌وێنە پەیدا دە کەن.

بە و شێوە شیوایە، دە توانین بلێین: هێمان تابەئە مروکە پەراوە و نوسەر بۆئـافرانـدن وە بەدی هێنان پەیدا نەبووەو ئەوەی واهەیە بۆ چینێ تایبەتە، نە ک بۆ گشت بەرەی مروٚف.
بە لام بیرو ئەندیشەی ئیلهام هێنەر، وە داستانە کانی قورئان لەنێو قاپ و قاپیلکەی تەلاّیی و عەجبات هێنەری ئەو، کە چڕوپڕی ئیلهام و وەحی بۆقەڵەم بە دەستانی گەنجانو لاوان و نیوّنجی سالان بە دیاری دینێ، پڕشینگ دانەوەی دنیای وەحیو پەرە گرتنی ئیلهام لە دڵ و دەرون و بیرومێشک و هەستی پڕهەست و بە هەستی ئەو جۆرە قارەمانانەی دنیای وێژاوەری و هونەروئە دەبی دێنێتە جۆش و خرۆش و پێل و شەپۆل دان. مەبەست ئەو قارەمان و قەڵەم بە دەستانەی وا لەیە ک شەونمی ریز و جوان وورد و لەتیف، زەریا و دەریا دە خولقێنن و لە کە موسکە یە ک و زەڕە یە کی درەخشان، جـیهانێ پڕوتـەژی لەرەنگ و جوار و جۆری و اتاو ئەدەب دە خـولقێـنن و مـەبەستی رازاوە و دلگـیر و دڵرفێن بەدی دەهێنن. ئێـمە شێت و شـەیدا و وێڵـی ئـەم جۆرە شـێوە بـەدیهاتوانـە و گیرودەی ئە و ئافراندنانەین.

کۆر و کۆزان و کۆزیلکی کوردە واری ئەم سەردەمەی ئێمە زیاتر نیازی بە ئافراندن و بەدی هێنان هەیە، هەر وە کو، حە کیم ئەحمەدی خانی، جزیری، حە کیم مەولەوی کورد، خانای قوبادی، نالی و وەفایی و مەلا پەریشان و ئەرکە وازی و سەییدصالح ماهی دەشتی و سەی یاقۆ ماهی دەشتی کرماشانی ... کە جهانێکیان سازدا، ئەم بیروباوەر و نەخش و رۆلە ئەبێ لە نێو چینی گەنجان و لاوان و پیرانی نـە نـاسراو دا بۆیـی بگـەرێـین و بۆلە چاپ‌دانی ئاسە واریان بکۆشین تا شیرنی زانستیان بنۆشین. ئێمە نیازمان بەم شێـوە نـور پڕژێنانە و بە وانەهەیە وا جوان و روناک تیرێژ و نور دەهاوێژن و پرشێنگ دەدەن.

Dr.Saleh Ebrahimi



قورئان ئه‌م که لامه ئاسمانی‌یه، له‌م باروبابه تـانه‌وه بۆ بـیرکردنه وه و تێ فکـرین سـه‌ر چاوه‌ی زیاتر ده‌نێته به‌رده‌س خـونێـه‌ران‌و هـونه‌روه‌ران‌و ئـه‌ده‌ب دۆسـتان و وێـژه و وێژه‌وانی به راستی.

به هیوای سه‌رکه وتنی دۆستانی قورئان خۆین و هونه‌ر دۆست و ئه‌ده‌ب خۆشه ویستی به راستی و تیکۆشه‌ر، هه‌رئه وکه سانه‌ی که وه‌حی و ئیلهام به توندی ده‌گرن و پته‌و رای ده‌گرن و به‌گشت نوره‌کانی یه‌وه، نوره پڕ هێز و پیزه‌کان و پرشینگه ره‌نگا و ره‌نگه‌کانی یه‌وه، له نێوکۆڕ و کۆمه‌ڵدا نور و تیرێژ و پرشینگ ده هاوێژن تابه‌رپیێ به‌ره‌ی مـرۆف روناک راگرن و عیلم و هونه‌ر و نور دانه‌وه زاتر بخه‌نه بره‌و، تائێمه‌ش بتوانین گـره و ببه‌ینه‌وه‌و له جیهان نێو بانگ بکه‌ین.

یه‌کێک له‌و مه‌به‌ست و سوژانه،که قورئان به (احسن القصص) وه به (احسن الحدیث) نێوی ده‌با، چریکه و چیرۆکی حه‌زره‌تی یوسف پێغه‌مبه‌ره‌که له‌کورده واریدا به یوسف و زوله‌یخا به ناو بانگه.(۱)

**سه‌ره‌تای داستانی یوسف و زوله یخا به بلاۆکی زمانی کوردی:**

شـه‌وی نـوری روی یـوسفی سـه‌روه‌ر — وه‌ک رۆژی روناک ئـه‌بێ شـوعله وه‌ر
درگـــای ره‌حـــمه‌تی بۆکـــرایـه وه — چـوار بـه‌شی جـوانـی بۆ ئـه‌و مـایه‌وه
ئـادم ئـه‌مه‌ی بـیست بـه‌کـامه‌رانـی — یـوسفی بـانگ کـرد نـایه سـه‌ر رانـی
ئـــه‌م نـــازداره یـــوسفی زه‌مـــان — نــه مـامی بـاخی یـاقوبی کـه نـعان

(۱) (شه پۆل) دوای ته‌رجه مه و ته‌فسیری کردنی قورئان به زمانی کوردی و چاپ و بلاو بـونه‌وه‌ی له سالی ۱۳۷٦ ی‌هه تاویدا، ته‌رجه و ته‌فسیری سوره‌ی یوسفی به‌کوردی ئه‌نجام داوه و ئه‌م چریکه یشی به‌ده‌ق و بلاۆک به زمانی کوردی به‌جیا سازداوه

Dr.Saleh Ebrahimi



ئـەبێ بـە شـاهی خـاوەن تـەخت و تـاج فـەقیروهە ژار بـەو ئـە بـن مـوحتاج[١]

حەزرەتی یاقۆب (ع) دوازدەکوری بووە بەم ناوانە: رویبل، شەمعون، یەهودا، لاوی، نەفثاییل، جاد، دان، زبالون، یەشخەر، ئەشەر، یوسف و بنیامین. ئەم دوکورە (یوسف و بنیامین) لە راحیل ژنی دوەمی یاقۆب بون، راحیل دوا بە دوای لە دایک بونی بنیامین، وەفاتی کردوە و لەسەر زگ چووە.

جادوای مردنی راحیل، خوشکی یاقۆب هاتەلای براکەی و پێی‌وت: یوسف بسپێرە بە من تاباش ئاگام لێی بێ‌و پەروەردەی بکەم، جا چون یاقۆب یوسفی لە دڵەوە لەهەمو کورەکانی زیاتر خۆش دەویست، بە خوشکی‌وت: ناتوانم لە یوسف دوربم، ئەبێ هەمو رۆژێ یوسف ببینم و تێرو پڕ بە دڵ یەماشای بکەم، و از لەم قسە بێنە، خوشکی یاقۆب لەوەلا مدا پێی‌وت: من هەمو رۆژێ جارێ یوسف دێنمە وە لای تۆ تێرو پڕ بی‌بینی و بۆی بنێڕی و تاسەی خۆتی لێ بشکێنی و سوکناییت پێی‌بێ.

یاقۆب کە زانی خوشکی زۆر پێی داگر تووە، رازی بو تا یوسف بباتە لای خۆی، بـەم جۆرە یوسفی دا دەس پوری و لە بن چاوە دێـری ئـەودا مـایەوە و پـەروە ردە بـوو، خوشکی یعقوب بە پێی بەلێنی دراو، رۆژێ جارێک یوسفی دەبردەوە بۆلای یەعقوبی باوکی، دوای چەندێ یـەعقوب بـەخوشکی خۆی وت: تـەوانـی دوری یـوسفم نـییە ئیتروازی لێی بێنە ورای مەگرە لای خۆت و بۆم بێنەوە، بالای من بمێنێتە وە، خوشکی یەعقوب کە لە و ماوەدا زۆر ئۆگری یوسف ببو، نەی دە تـوانـی یـوسف بـداتـەوە بـە یەعقوب، کەوتەبیری ئەوەی چارێک بدۆزێتەوە تا بەڵکو یوسف لای خۆی را بگرێ، لە و سەردەمەی دا واباو بووە و حوکم کراوە کە ئەگەرکە سێ شتێ لەکەسێ بدزێ، ئەو دزە بە بەندەیی و غولامی لای خاوەن کالا قەتیس رادەگیردرێ.

تەماشاکەن هەر دە لێی ناری بۆ ئەم مەبەستەی فەر مویەتی:

---

(١) یوسف و زولەیخای محمد امین چاپی ١٩٨٠ ای‌ز

Dr.Saleh Ebrahimi



بەمەولاگەرلە مەولا دل بە قوربانت نەبێ
نـــــابێ بە دڵ گەر دڵ موطیع و بە ندە فـەرمانت
نـــــەبێ نـــــابی کەسێ مـە قـصودی کـە سبی دەولەتـی
قـــــوربی حـــــــەقیقەت بێ غولامی بوغولامانی غولامانت نەکا نابێ

خوشکی یەعقوب پسشتێندی یادگاری لەماڵدا هەبوو ئەوەی لە ژێر جلکی یوسف بەستی بە پشت یوسفەوە وکردیە هاواروبانگ کە پیشتێندەکەم کە هی باو و باپیرانـم بـووە، بردویانە، جا چون ئەو پشتێندەیان لە ژێر جلکی یوسف لەپشت ئـە ودا دۆزی یـەوە، یوسفیان کردە غولامی پوری کە خاوەنی کالا، یانی پشتێندەکە بوو.

بەم جۆرە خوشکی یەعقوب یوسفی لای خۆی راگرت، بەلام زۆری پێی نە چوو کە خوشکی یەعقوب مرد و یوسفیان هێناوە لای یەعقوبی دڵ و دەرون کە بابی بابی.

یەعقوب هەرلە سە رە تاوە زۆری یوسف خۆش دەویست و دلّی بە یوسف دابوو، ئەم ئۆگر بونە سات بە سات و رۆژ بۆ رۆژ زیاتر تین و تاوی دەگرت و ئەویندارى یوسف دە بوو، تا ئەو شوێنەی، تاوێک یا دەمێک نەی دە توانی لەیوسف دوربێ، یالە و غافل بێ، شە وانە یوسفی لای خوی دەخە واند و دەستی دەکـردە سـەرین بۆئـە و و چـریکە و چیروکی بۆدەگێرایەوە.

### شیعر

توتی شەکەر نۆش راز ریـزەی شـەکـەر
بەی سـان حـیکایەت ئـاوەردوە دەفـتەر

فـــەوج نۆ ئـــەو شـــە و گرگرمـــە گریـــا
زرزر زیڵ رەنگ رە حـــمەت مـــەزریا

مـە لایـیک جۆق جۆق خێـزا نـەواشـان
هەریەک جەکـەوکەب شـەمعێ نـیاشان

مـوشتەری ئـاوەرد، عـوتارید وەشـەست
فـــەلەک جـــە پـــەروین، عــوقدەی دلیـــل ئـــیحسان پـــەیاپەی ئـــەوشەو
کـــــــــەمەربەست

ماما وەکـەنعان ئـەو، شـەو بـە سـەددەو
یوسف عەتر خاو ئـەسەر داش نـە چـەم

پەی رۆحـەتی (راحـەتی) حـاڵ چـەمنیا

Dr.Saleh Ebrahimi



وه‌هـــــــه‌م                    نـاگـا خـونچه‌ی تـه‌نگ له‌بـان لاڵ بێـز
گوشادکه‌رد ڕێزاش خه‌نده‌ی شه‌که‌ر ڕێز                    بـا بۆ جـه‌خه‌نده‌ش عـه‌جب کـه‌رده وه
سـتێـزا جـه‌خه‌وف تـاسش بـه‌رده‌وه                    یـه‌عقوب سـه‌روه‌ر پـه‌نه‌ش نـه‌مه‌ند تـاو
تا یوسف دیـده‌ش گـوشادکـه‌رد نـه‌خاو                    واته‌ش ئه‌ی شه‌کـه‌ر وه شـه‌رمه‌نده‌ی تۆ
موجیب نه چێشه‌ن شه‌که‌ر خه‌نده‌ی تۆ؟                    واتـه‌ش نـه خـاودا خـورشید چـه‌نی مـا
کـه واکـیب یـازده جـه‌سه‌ر بین جـیا                    گـرد ئـامان سـجود خـاکـپام بـه‌رده‌ن
تـه‌عزیم و تـه‌کـریم بـه جـا ئـاوه‌رده‌ن                    یه‌عقوب وات: ئـه‌ی مـاه هـه‌نی وه‌سـه‌ن
وه‌س                    چه‌نێ تۆ ئـی خـاو نـه‌وا چـی وه‌کـه‌س
ئـــه‌گـــه‌ر ئـیخاو ئـیخوان بـزانـان                    سه‌د جه‌ورو هیجران پـه‌نه‌ت مـه نـمانان
هه‌زار کینه‌ی سـه‌خت چـه نـی تۆ داره‌ن                    جه‌کۆ، جه‌ی ته‌عبیر، تـاقه‌ت مـه داران؟
پـه‌نه‌ت مـه‌نمانان بـه زودی عـه‌زاب                    پـه‌ی چێش؟ زاهـیره‌ن تـه عبیر ئـیخاب
بـابۆ، نـه سـیحدت کـه‌رده‌ش بـه تـه‌دبیر                    ئـــه‌نده‌رز بـاتڵـه‌ن جـه‌ئه‌مر تـه‌قدیر
خاصش وات: ئه‌و شه خس نامی و دیاری                    هه‌رحـه رفێ جـه بـه‌ین له‌بـان بۆ جـاری
مـه‌بۆ، جـه‌صه‌د گۆش بـه یۆ، بـویه‌رۆ                    ده‌رون صـه‌دکه‌س خـه‌به‌ر دار کـه رۆ
یـوسف پـه‌ی بـا بۆ حـیکایه‌ت وانـا                    چـه‌کـارته قـدیر ئـیخوانـه‌ش زانـا(١)

گه‌لۆ براکانی یوسف که ده‌یان زانی با وکیان دڵ وگیانی داوه به یوسف وتیان: سه‌یره ئێمه به‌هێز و به وزه‌ترین وکارو باری ژیانی باوکمان ده‌به‌ین به ڕێوه که چی یوسف لای باوکمان خۆشه‌و یست‌تره، ئه‌وه بووه هۆی ئه‌وه براکان سه‌باره‌ت به یوسف حه‌سودی بیه‌ن و حه‌سودی وه‌ک خۆره ئه‌وانی ده‌خوارده وه و تالێواری براکوشتن رای کێشان، ئه‌وه‌یه ده‌ڵێن: ئه‌گه‌ر له‌ئاگری حه‌سودی به‌رگری نه‌کرێ، به ره‌ی مرۆڤ ئاگر ده‌دا و ده‌یکاته قه قنه‌س.

---

(١) کتێبی ئایین و ئه‌وین یا یوسف و زوله‌یخای کوردی چاپی ١٣٦١ هه‌تاوی په‌ره‌ی ١٢٠ (شه‌پۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



بەڵێ ئازیزان شەوێ لە شەوان یوسف لە خەودا دیتی و امانگ و رۆژ و یازدە ئەستێرە سوژدەی بۆدەبەن، بۆسۆزیاکەلە خەو راچەنی ئە و خەونەی کە شە و دیبوی بۆ یەعقوبی باوکی گێرایەوە و تەعبیرەکەی لە باوکی ویست.

یەعقوب بە یوسفی وت: رۆڵەکۆرپەی دڵەکەم! نەکا ئەوە بۆ براکانت بگێریتەوە، چونکا بە بیستی ئەوە حەسودیت پێ دەبەن جالە بەرحەسودی دەیانەوێ ئازارت بدەنو لەنێوت بەرن. دە بێژن خاڵتیک (خوشکی دایکی یوسف) ژنە هەوەڵەکەی یەعقوب قسەکانی یەعقوب و یوسفی گوێی لێبو، جابراکانی یوسفی لەوخەونەی یوسف ئاگادار کرد.

جا براکانی یوسف تێگەیشتن کە یوسف لە وان زیاتر سەر دەکەوێ، چونکا بەرلە وەیش یەک دوخەوی لەو چە شنەی دیبو، دەبێ ئەوەیش بزانین کە یوسف لە باری زمان تە رویا راوی، پیگەیشتن و تێگەیشتن، جوانی و جوانچاکی زۆر لەبان ترو لە بارتر بو، یوسف زۆر خوشیک و لە بەر دڵان بو.

براکانی یوسف کە ماوەیەک لەوەو پێش رقیان لەیوسفیبرایان هەلگرتبوو بەدڵ ناخۆشیان دەویست، وە بە ئاگاداربون، لەو خەوەیش ئەونەی دیکە رق و قینیان لێ بە دڵ گرت و ئاگری حەسودی دڵی گرگرتوی ئاوانی نێڵ داو پڕ بە دڵ لێبڕان بەهەر جۆرێک بۆیان بلوێ یوسف لە بەر چاوی یەعقوبی باوکیان دور بخەنەوە و لە نێوی بەرن. ئەوان بۆ بە جێی گەیاندنی نەخشەی خۆیان ئەوەندەیان باسی جوانی و نەخشینی وگیرایی و دڵرفێنی ئاو وهەوای دەرودەشت بۆ یوسف کرد و قسەی وەرزش وگەردش و خێر و خۆشی وگاڵتە وگەپی خۆیان لەکەژو دوڵ و چیاوکێو بۆ ئەو برابچکۆ لانەیان گێراوە، دڵی یوسفیان کرد بە ئاو، یوسف زۆر ئەویندارانە لە براکانی خۆی دەویست تا بە لگو ئەویش بەرنە سەیران وگەردش و وەرزش.

براکانی یوسف کە چاوە روانی شتێ وابون، دەرەتانیان پەیداکرد تا بە یوسف بڵێن: لە باتی ئەوەی لە ئێمە. بخوازی کە تۆ لەگەڵ خۆمان ببەینە سەیران بۆکەژوکۆ، برۆ لە باوکمان ئیجازە بگرە تا بتوانی لەگەڵمان بێی بۆسەیران.

یوسفی نازدارو نازەنین بە دڵێکی پڕ لە خەفەت و ئەوین چووە خزمەت باوکی و داوای

Dr.Saleh Ebrahimi



کرد تا لەگەڵ براکانی بی‌نێرێتە سەیران بۆگە ردش و وەرزش و براکـانیش لە بـاوکیان ویست تائیجازەی یوسف بدا. لە تەک خۆیان بی‌بەن بۆ دەر و دەشت تا، هەندێ خاوی لەش و لاری خۆی دەرکا و چاوی بەکەژ وکێو بکەوێ و هەوای تازە و خۆش هەڵمژێ و تێرتێر لەو چیمەن‌و دیمەنی سەوزەزارە، هەندێ هەڵبە زێ و دابەزێ.
یەعقوب لەسەرە تاوە نەی دەویست ئەو کارە بکا، بەڵام کاتێ دیتی یوسف و براکانی لە سەر ئەوە سورن و پێی دادەگرن، یوسفی دادەست براکانی، بەڵام لەدڵەوە بە خەم و خەفە تەوە دەکوڵی، بە دەنگی پڕەوە، قاوی لەکورەکانی کرد، ئاگاتان لەیوسف بێ، بە تەنیا بە جێی نەهێڵن، براکانی دوای ئەوەی بە لێنیاندا، کە بە باشی ئاگایان لەیوسف دەبێ و ساغ و سلامەت دەی هێننەوە بۆلای یەعقوبی باوکیان، رێکە وتن‌و بەرە و چیمەن‌و دیـمەن و سەیرانگا جووین، وەئابە مجۆرە یەعقوب لە زاروکی دڵبەندی جوێ بۆوە و ئـەم جیا بونەوە ساڵیانی ساڵ درێژەکێشا.
براکانی یوسف تا ئەو دەمەی لە دیمەن و سیمای پاکی باوکیان دیار بون لەگەڵ یوسف بە برایانە و چاک و خێر و خۆشی دە جولانە وە و ئەویان دەکردە قەلاندۆشی خوێان و قسەی خۆشیان بۆ دەکرد و لە گە ڵیدا دم بە بزە و پێکەنین بون. بە لام هـەر ئـەونە لە روانگای یەعقوبی باوکیان دورکەوتنەوەوکە و تنە نهێنی‌و لە بەر چاوی یـاقوب گـوم ببون، دەستیان کرد بە بێ فەری و یوسفی ناز داروکۆرپەی دڵی باوکیان، لە قەلاندوش خستەخوارێ، هەر یەکە لەوانە بە لەونێ یوسفیان ئـازار دەدا و سـیخورمەیان لێدەدا، وەک سێکونجکێن سێ کونجکینیان پێدەکرد، ئـەوەندە یـوسفیان لەم لا بۆ ئـەولاهە لبری‌و هەڵیان دەبری بۆلای یەکترین و لە یوسف گرژو قە ڵس‌و تورە دە بون، یوسف خەریک‌بو غەش بکاولە ئارەقی رەش و شیندا خەفە بێ‌و نەفەس بربێ، هەندێ لە براکان هاتبونە سەر ئەوبیرو را تا یوسف بەو جۆرە بکوژن و لەنێوی بەرن، بـە لام یـەهودا بـە کوشتنی ئەو دژ بوو رای گەیاندکە نابێ یوسف بکوژرێ، من نایە ڵەم یوسف بە ولەونە بکوژن. براکان یەک دەنگ رایان گەیاند ئەی چارە چی‌یە؟
یە هودا و تی: لە رێگای میسر چالاویک (بیرێک) هـەیە کـە زۆربـەی کـاروانـیان بۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



که‌ڵک‌وه رگرتن، له ئاو له‌وێ بارگه و بنه ده‌خه‌ن و راده وه‌ستن بۆ پشودان، باشتر وایه یوسف به‌رین بیخه‌ینه نێو ئه‌و بیره، تا به‌ڵکو کاروانیانێ که له‌وێوه تێ ده‌په‌رن یوسف له‌وێ ده رهێننه ده‌رێ و له‌گه‌ڵ خۆیاندا ببه‌نه وڵاتێ دیکه، به‌مجۆره هه‌م ئێمه کاری خۆمان کردوه و یوسفمان له‌به‌ر چاو باوکمان گوم کردوه و هه‌م خۆمان رزگار کردوه و خوێنی، یوسف‌مان نه‌رژاندوه، تا خوێنی ئه‌و داوێنمان بگرێ.

براکانی یوسف پێشنیاری یوهودایان به‌سه‌ند کرد و پێکه‌وه به تێکرا یوسفیان برده‌سه‌ر ئه‌و چاڵاوه و کراسه‌که‌یان له‌به‌ر یوسف دارنی و به ته‌ناف‌رۆیان هێشته نێو ئه‌و پیره و له‌سه‌ر سه‌کۆی نهێنگه‌ی تاقچه‌ی به رده‌می ئاوی چاڵاوه‌که دانا و له‌کاتی گه رانه‌وه بۆلای یه‌عقوبی باوکیان کارژیله. به‌کیان سه‌ر بری و کراسه‌که‌ی یوسفیان به خوێنی ئه‌وکاریله خوێناوی کرد و بردیانه وه بۆ یه‌عقوب.

حه‌زره‌تی یه‌عقوب که بێ سه‌برانه جاوه روانی گه‌رانه‌وه‌ی یوسف و کوره‌کانی بو، کاتێ روانی و زانی که یوسف له نێو براکانیدا نییه و یوسفی نه‌دی پرسی یوسفی کورم کوا، چ‌به لایه‌کی به سه‌رهاتووه؟ براکان کراسه خوێناوی یه‌که‌ی یوسفیان داده‌ست یه‌عقوبی باوکیان و رایان گه‌یاند که گورگ یوسفی برد و خواردی.

یه‌عقوب به‌بیستنی ئه‌و قسه ناخۆشه بێهۆش که‌وت، به‌ڵام دوای ئه‌م دیو و ئه‌و دیو پێی کرد نێکی زیاد، دوای چه‌ن کاوینگ، هاته‌وه سه‌ر خۆ و به هۆش هاته‌وه، دوباره له‌بابه‌ت یوسفه‌وه پرسیاری کرد، کوره‌کانی یاقوب له‌وه لامداوتیان:

ئێمه له ده‌شت و ده‌ر له نێو چیمه‌ن و دیمه‌نی سه وزه‌زاردا خه‌ر یکی کایه و گه‌مه و تیر ئه‌ندازی بوین و یوسف مان له ژێر سیبه‌ری دارێکدا دانابو که گورگ له ناکاو هێرشی برده سه‌ر یوسف و ئه‌وی به که‌ڵپه‌دری و گرتی و بردی و خواردی.

یه‌عقوب کراسی خوێناوی یوسفی نابان چاوی و ده‌ستی کرد به‌گریان و له قوڵپه‌ی گریانی‌دا، ئه‌وه‌نده‌گریا تابێحاڵ که‌وت و تخێل‌بو.

□ نوکته ده‌ڵین له‌و ده‌مه‌ی‌داکه ده‌یان ویست یوسف بخه‌نه‌نێو چاڵاوه‌که یوسف له‌قاقای پێکه‌نینی‌دا، براکان لایان وابوشێت بوه‌و له ترسان وای لیهاتووه پیان وت بۆچوا پێ‌ده

Dr.Saleh Ebrahimi



که‌نی وتی: به خۆم ده‌که‌نم، چو له‌ونکا سەر دەمەی وا له ماڵێ‌بوم‌کاتێ روانیمه بەژن‌و باڵاو هێزو دەس‌و بازوڵه‌ی ئێوه زۆر شادبوم‌و به خۆمم وت:که‌سێ ئەم هەموه برادەس‌و مەچەک بەهێزا نەی هەبێ چ‌باکی لەکە نەدوکۆسپی رۆژگار دەبێ، له و دەمەی‌دا تەوەسول‌و تەوەکولم له خوا بڕی‌و به غەفلەت پشتم به ئێوه بەست ئەوەیه خوا بەدەست ئێوه ئاوا توشی مەینه تی کردوم و ئێوه بونەته مۆته و ملۆزمم،که وتەوه بیرم بوچ واغافڵ بوم و له قاقای پێکه نینم‌داوکەو تمەوه بیر خوا و به دڵ تێگه بیم پشتیوانی به راستی هەر خوایه و هەر ئەویش لەم ئاژاوه رزگارم دەکاوسەرم دەخا و تێم دەگه یینێ و پێم دەگه یینێ.

□ قورئان دەلێ (قالَ اِنّی لَیَحْزُنُنی اَنْ تَذْهَبُوا بِهِ ـ وَ اِنّی أَخافُ اَنْ یَأْکُلَهُ الذِئْبُ)

یاقوب وتی: به دو ده لیل پێم خۆش نییه یوسف به رن یەکەم تابی دوری یوسفم بنیه، دوەم دەترسم ئێوه له بەرکایەوگەمه له یوسف غافڵ بن‌و گورگ بیخوا به داخەوه کورەکان لەم قسەی دوەمەی باوکیان تەڵقینی بەدفەری فێربون‌و به درۆگوتیان:گورگ یوسفی خواردوه ـ تەفسیر زانان وتویانه: ئەم جۆره تاوانەی یەعقوب خیلافی ئەولایەو بۆیێ وای نەوتووه تاکورەکانی فێری ئەو قسەو باسه بن (شه پۆل).

شعیر

شەوێ له شەوان یوسفی شیرین		دڵ و دەرونی هاتبوه ناڵین
سەری نایەوه یوسفی بەنده		له پرخەی خەودا زوهاتەخەنده

یەعقوبی باوکی پرسیاری کرد لەو

وتی: له خەوما ئەی باوکی سەروەر		یازده ئەستێرەی جوان‌و شوعله وەر
سوجدەیان دەبرد هەمویان تەواو		به رامبەر بەمن دەم بینی بەچاو
وتی: رۆڵەگیان دەخیل‌و هاوار		ئەم خەوه له لای کەسن نەکەی ئینرهار

جادوای ئەوەی براکانی یوسف بەو خەونەیان زانی و تیان:

خەیالی وایەکە بێتە ئەسوف		گشتمان سوجده ببەین ئێمه بۆ یوسف

Dr.Saleh Ebrahimi



یوسف دانشێ به‌که‌یف و خۆشی — ئێمه‌یش به زه‌حمه‌ت هه‌م به دڵ ریشی
له ده‌شتا به رۆژ ئێمه شوان بین — به‌شه و له‌ماڵا هه‌م پاسه‌وان بین
جاکۆ بونه‌وه به‌که‌یف و خرۆش — هه‌تاکو بکه‌ن ته دبیرێ به جۆش
هه‌مو رازی بون بیخه‌نه نێوچاڵ — ئه مجا بۆ خه‌وتن رۆیشتنه‌وه ماڵ

یوسف و زوله‌یخای محه‌مه‌د ئه‌مین.

راوی ریوایه‌ت شوعه رای شه‌که‌ر راز — جه‌فه‌وق داستان ئێده‌ش که‌رد ئاغاز
چون ئیخوان په‌ی قه‌صت یوسف ناڵاشان — یه‌ک شه‌و نه خه‌ڵوه‌ت مه جلیس نیاشان
به سینه‌ی پرکین دڵ پڕجه ئاشوب — لوان صه‌ف کێشان نه ده‌ور یه‌عقوب
به یانشان که‌رد هه‌رگۆنه رازان — فسانه وئه‌فسون په‌رێش نه‌وازان
بشین به سه‌یران سپای گوڵاڵان — نه چیرجه‌یران، ره‌عنا غه‌زاڵان
عاجزین نه‌کونج یا نه‌ی ته‌نگ ماڵ — ئارۆ بگێڵمی په‌ی راحه‌تی حاڵ
گا سه‌یر جه‌یران چه‌ریده‌ی چه‌مه‌ن — گا ته‌ماشای تیپ لاله و یاسه‌مه‌ن
گا شیر نه پستان مێشان مه دۆشیم — گا خه‌ندان و شاد ئه‌و شیر مه‌نۆشیم
یوسف ویش به‌ی کارخه‌یلێ رازی یه‌ن — کۆده‌که‌ن، کۆده‌ک مه‌یله‌و بازی یه‌ن
یه‌عقوب ئێد ئه‌ژنی پێشان داجواو — وات: یه په‌ی یوسف هیچ نییه‌ن سه‌واو
مه ترسۆن دوربای بکه‌ر دیش غافڵ — یه‌کێ جه گورگان ده‌ڕه‌ندی قاتڵ
په‌نه‌ش بیاوو وه‌نه‌ش بدونێش — جه نێش گورگان زه‌حمه‌ت به‌یو پێش
ئیخوان گرد یه‌کجار ئامان وه‌که لام — واته‌ن ئه‌ی سه‌روه‌ر صاحێو عه‌قڵ و فام
مه‌ر ئێمه یه‌کسه‌ر ڕوباکرداریم؟ — ده هه‌ته‌ن وه‌گورگێ جورئه‌ت نه‌داریم
گورگ خۆ هیچ ئه‌رشێر نه روی مه صاف بو — یا غوره‌ند دیۆ نه‌کوه قاف بۆ
جه زه‌رب چنگاڵ شێران دڵدار — مه بۆ سه‌رنگون عه‌رصه‌ی کارزار
یه‌عقوب چون ئه‌ژنی ئه‌فسون وانی‌شان — ره‌ضا داد یوسف لوا چه‌نی‌شان

جادوای ئه‌وه‌ی یوسفیان برد، جادوای ئازاردان، ویستیان بیخه‌نه نێو چاڵاویکه وه:

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیخوان یەکا یەک چون یاوان بەو چاه    پەسەندشان کەرد پەی دەفع ئەو ماه
گــرتشان بـە زۆر کـەندەن بـەرگ تـەن    عــوریان بــی‌نەتەن چـون شـاخ سـەمەن
رەســەن بــەستشان جــە مـوی بـزمێش    هەرموش پەی ئەندام ئەو بی بە صەد نێش
ئــــاوێــزان کــەردەن ئــەوسا بــەچادا    ووســــتشان نــــەئاو جــــە نــیمە ڕا دا
سەنگێ نە ما بەین ئـەو چـای پڕ گـەزەند    جــــیابی نــــەئاو شۆر پــر نــە ژەنــد
یوسف چون شاهان صاحێو تاج و تەخت    لوا نیشت نە فەوق سەنگ سیای سەخت
جەیومن قودوم ئـەوشای پڕ فـەرهەنگ    دەر دەم بی‌وەکـان گـەوهەر سیارەنگ
جــە شـیرینی راز شـوری شـیرین خـەند    شوراو بـی بـەئاو شـیرین تـەر جـە قـەند
جــە نــور روخسـار خـورشید زەرگـار    رەوشەن بی‌چون رۆژ ئەو چای تیرە و تار
حــەق فــەرما جـوبرەئیل لوا بـەریزوان    حوللەی نور ئەفشان جـەصونع سـوبحان
فــــەرما وەدڵگــیر مــەنیشە نــە چــاه    وێــم وەلوتــف وێـم مـەدارۆت نـیگاه
پــایەت مــەسازۆن ئــەعلا نــە عــالەم    مەنیشنۆت وە تەخت شـاهی وە بێ‌خـەم
ئــیخوانت یــەکسـەر مـەکـیانۆ وەلات    سەرئە فگەندە و خوارگشت نـە خـاک
پــــات    حــال وێت لێشــان پــە نـهان مـەداری
یـەکـیەکئـی جـەفا پێشـان مـەشماری    یـوسف ئێـد ئـەژنی فـاریغ بـی‌جە خـەم
پۆشا حوللەی نور نیشت وە خاتر جەم(١)

### دەر هینانی یوسف لە چاڵاو

بولبول نە ئی بـاغ شـیرین بـەرگ‌و شـاخ    پــاسەوانــا راز پــەی گۆل وەگــوستاخ
سێ‌رۆ ئەو خوەرشید جەهان بـیی رەشـە
ون    ئە و غونچەی لەتیف گوڵبەرگ گوڵشـەن
پە نهان بیی نەو چـاه جـە رۆتـا بـەشەب    چون ماه نەخشەب نـە چـاه نـە خشـەب

(١) ئایین و ئەوین: یوسف و زولەیخای کوردی چاپی ١٣٦١ پەڕەی ١٢٩ تا ١٢٤.

Dr.Saleh Ebrahimi



بــە نــام ئێــزد فــەرۆخ زەمــانێ
مــەحمەل بــەرئامە خــوەش کــاروانێ

شــیرین جــوانــی پــەی ئــاو پڕشۆر
بــارۆ وە بــیرون گــوڵدەستەی جەنور

قــافڵــەی ســەنگین نــە مۆلک مــەدیەن
بار بەندیشان کـەردپەی مـیسر مـەسکەن

ئــە و جــوان نـەچاش بـەر ئـاوەردەبێ
چە مان وە نـورەش رەوشـەن کـە ردەبێ

چــون یــاوان بــە مـیسر نـەریحال دور
خەبەر شی بـە مـیسر بـەقەول مـە شـهور

واتشــان مــالیک یــاوا جــە مــەدیەن
غــــەزالەی خـــوتان رەفـیق راشـــەن

نــەوچە جــە وانێ چــون غـیلمان نـاز
نـــەورەپس نـــە مـامێ ساوای سـەرفراز

شــیرین جــە مـاڵێ خـورشید رەخشـان
ئەختە رێ نـە بـورج خـوبیی درەخشـان

مە هوەش نیگارێ شـیۆە شـوعلەی شـەم
دیـــدەی رۆزگــار نــەدیەنش وەچــەم

چون ئەژنی سوڵتان مـیسری ئـیخە بـەر
ســوچیا نـەشە وق چـون تـاوئە خگـەر

فــــــەرما تــــاعەزیز رەوان بۆنـــــەرا
بشۆ کـــــــارەوان کــــەرۆ تـــەماشا

بـیونۆ یـوسف ئـەو بـە دیـدەی وێش
بـــزانۆ چــــونەن پــەسەندیدەی وێش

عــەزیز رۆ ئـاوەرد پـەرێ کـارەوان
پــەی دیـدەنی روی غـەزالەی ریـضوان

وەخســتێ نـیگای روی رەشک قـەمەر
کــــــەرد
ئــیشراق ئـەنوار، هۆش و فـامەش بـەرد

واتــەش بــە مــالیک عــەزیز ســالار
بــارەش وە دەرگــای شــاەجە هــاندار

فــەرما وا خســان مــیسر کــە ران جــەم
شــیۆە شــیرینان جــەمین گرەی شــەم

بــە رگــوزیدەی ئێـل سپای مـەهوەشان
هــەنی بــاوەران پۆل‌پۆل ســە رکــەشان

غــولامــان خــاص کڵاو کــە مـەر زەر
زەر کــەش قــەبایان صـاحێو ژاژو فـەر

تـــائەو رۆ یــوسف مــەیۆ وە دەرگــا
صــــەف بـدان وەلاش غــولامان شـا

وە شۆخــی خـاصان جـەبین جـام جـەم
یوسف پەی خـەرید بـە هـاش بـیۆ کـەم

پـیراهــەن بــە نــازجە تـەن کـەردەوە
گرە و جە شوعلەی خورشید بـە ردە وە

نــە چــە رخ نـیل رەنگ هـوریزا فـەریاد
وات حە قـودومەش مـولک نـیل ئـاباد

صەدشە لای نـە جـاش دیـدەی مـن بـیا
ئەوگـوڵ نـەگـوڵشـەن چیدەی مـن بـیا

Dr.Saleh Ebrahimi



شا ئه‌و رۆ جه شه‌وق دیدار ئه‌و ماه ئاوه‌رد، وه بیرون سپاه وه خه‌رگاه
چون صه‌در زه‌رین نشت نه ته خت زه‌ر خاصه غولامان صه‌ف دان وه راوه‌ر
یوسف وێنه‌ی ماه یاوا به مه نزڵ نیاشان وه ته‌خت زه‌رین وێنه‌ی گوڵ
مالیک به یوسف ئیشاره‌ته‌ش که‌رد واته‌ش ئه‌ی خوه‌رشید ره‌خشان بێ‌گه‌رد
تۆ خوه‌رشید بورج ئه‌وج نازه‌نی شه‌مع ئاسانه جه‌مع سه‌ر فه رازه نی
هور داره په رده‌ی زه رکه‌ش جه روخسار نور خوه‌ر جه‌شه رق بکه‌ر ئاشکار
یوسف نیقا به‌ش جه‌رۆ به رده وه جه‌هان به ئه‌نوار ره‌و شه‌ن که رده‌وه
به وێنه‌ی خوه‌رشید ره‌وشه‌ن‌ته‌ر جه‌شه‌مع پڕشه‌ش په‌رته و دا وه‌عه‌ین ئه و جه‌مع
واتشان یاره‌ب کیه‌ن ئی دڵبه‌ر؟ قه‌مه‌ر شه‌ر مه‌نده‌ی روشه‌ن هه‌م خوه‌ر هه‌م

□ ده‌ڵین کاتێ زوله‌یخا چاوی به یوسف که‌وت شێت و شه‌یدای بو.

ساقی بۆ وه به‌زم فیدای جامت بام دڵبه‌ر بۆ وه‌لام فیدای نامت بام
موطریب بده‌ر ناب وه ئه‌و تار عود موغه‌ننی وه‌سۆز ئاهه‌نگ داوود
نه غمه‌ی خوه‌ش ئاهه‌نگ په‌رێم بوانه پێم بده‌ر جامێ و گیانم بستانه
یوسف نه سه‌رکار شاهیش قه‌راره‌ن زوله‌یخای نازدار نه ئینتظاره‌ن
خامه‌ی شه‌که‌ر رێز رێزه‌ی شه‌که‌ر چین پاسه رێز نان ئی راز شیرین
چون یوسف په‌ی میسر ئاماجه راوه مه شهور بیی وه سه‌مع سه‌رکار شاوه
زوله‌یخا ئه‌ژنیش سه‌نای زه‌ریفه‌ش ته‌عریف شوڵه‌ی شێوه‌ی شه ریفه‌ش
زوله‌یخا دامان هه و ده‌ج گوشا که رد ته‌ماشای خوه‌رشید جه‌هان ئارا که‌رد
وه خستێ نیگا که رد، ده‌رده‌م شناسا سه‌رسام بیی‌جه شه‌وق نه‌جا ته‌واسا
رێزنا ئه‌سرین فه‌غان که رد به جۆش هۆرکیشا فه‌ریاد، به رلوا جه‌هۆش

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیدەن ئەقڵ و هۆش جە دەستم بەردەن
ئێدەن مـن وەمیسر ئـاوارە کـەردەن[1]

زولەیخای مەحبوب رەعنای بەرەند پۆش
موشک جچین وەفە رق بار موشک وە

دۆش
وە ختێ جە دیدار یوسف بە هـرە بەرد

ئەوسا پەی تە رتیب دەست وە هەم ئـاوە

رد
جە دێبای زەریـن سیم تـان وەزەر تـار

خارای خوتەن بـاف تـورمەی فـەرەنگ

شـــــار
بەرێ تە عامات طوعمەی چاشت و شـام

نـــوقڵ و نـەبابت مـوهەییا تـە مـام
مـــیوەی گـوناگۆن تـە عـام شــیرین

جـە مـەعز بـادام حـە لوای شـار چین
جـەسینەی مـورغان پـوختە و بریـانی

مـــورەبای لەزیـــز، دەوای لوقـمانی
جـە خـورما و جـە شـیر تـوحفەی

خـــــوەشگەوار
شـەکـەر پـارە و قـەند ەرات ئـابلەدار

هـەمیشە ئـەو قـات حـازربی نـە خـوان
خوارده نیی تە مام چـە نـیی نـەقد گـیان

سـوخەن پـە ردازان شـیرین ریـوایـەت
بەی دەسـتور وانـان شۆریـی حـیکایەت

وە ختێ ئە و نازار شـەیدای دڵ پـرجۆش
چە نیئەورە عنای زێبای غـەزەل پۆش

وەرێـــزە رازان قــەدەم بـە ردشـان
مـە نـزڵ نـە یـانەی هـەفتەم کـە ردشـان

زولەیـخا چـالاک قـوفڵێ داش نـەدەر
مە حکـەم کـە رد ئـەبواب چـون دورج

گـــــەوهەر
یا نەی بـەودە ستور خـاڵی جـە ئـەغیار

جـە ئـاموشۆ رەفت بـە ستە بـیگوزار
زولەیخا سە رمەس وە دیـدە و وە گـیان

نـــیابێ دەســـتش وە دەست جـــانان
وەرێـــزەی رازان شـــە کـــەر بـارویش

---

(١) لەم برە شیعرەدا وتراوە کە زولەیخا یوسفی لە خەونْدا دیوەو بەناوی عـەزیزی مـیسری نـاسیوە کە عەزیزی میسر دێتە خوازبێنی، زولەیخا لەروی ئەو خەونەوە شوی پێدەکا، بەڵام دوای ئـەوەی یوسف دەبینێ دەی ناسێتەوەو دەڵێ ئەمەیە ئەوەی لە خەونمدا دیبوم و عاشقی بوم. شەپۆل

Dr.Saleh Ebrahimi



بــه‌رده‌ش وه بــالای ســه‌ریر زه‌رکێش     واتــه‌ش ئــه‌ی تــاراج ئــه‌قڵ و فــام مــن
ســــه‌رو، وه‌ش ره‌فــــتار دلارام مــــن     زوله‌یــــخا بــــه‌ی حــــاڵ زاری نــمانا
یــوسف وه‌زامــه‌ش مــه ڵهــمه‌م نــه شـانا     ســه‌ر نــه شــه‌رم وێش پــایین بــه‌رده‌بیی
نه زه‌ر وه‌روی فه‌رش زه‌مین که رده‌بیی

زوله‌یخا وات:

چه ندان تا سه‌ی تۆم ئـه‌ی گـه‌نج نـایاب     چون کوشته‌ی بێ‌گیان یا ته‌شنه‌ی بێ‌ئـاب
چه‌ند ســاڵه‌ن بێ تۆهـام نـه تـه‌ب وتـاب     بێ‌صــه بــروئارام بێ‌خـوه‌رو بێ‌خـواب

یوسف له ترسی تاوان پێکردن له به‌ر زوله‌یخا رای کرد بۆلای درگا

زوله‌یــخا بێ‌تــاو ره‌وان بــیش نــه شۆن     دڵ پرمــه رارەت دیــده پڕ جــه هــون
شه راره‌ی شه‌وقه‌ش تاقه‌ت سه‌ند چه نه‌ش     نه‌ده‌رگـای ئـاخر، چـون یـاوا پـه نـه‌ش
ده‌ســــته‌ش پــــه‌ی یــــوسف بــــه رد،
وه‌بێ ئــــــــه‌ندیش     یه‌قه‌ش گرت جه‌پشت کێشا پـه‌رێ وێش
تــه‌کــار دا یـوسف یـه‌قه‌ش پـاره بـیی     صــه‌یدئاسا جــه‌دام بــه‌ند ئــاواره بـیی

(یوسف و زوله‌یخا: ئایین و ئه‌وین.

تا سه‌ره‌نجام یوسف له ده‌م درگاکه ده‌یویست بڕواته ده‌رێ عه‌زیزی دی‌و زوله‌یخایش به دویه‌وه بو، وه کراسه‌که‌ی یوسفی له دواوه بچراند بو

**ده‌ر هێنانی یوسف له چالاو**

یوسف سێ شه‌و و رۆژ له چالاودابو، بۆ رۆژی چواره‌م کاروانێک له شامه‌وه به ره و میسر ده‌رویشت و نێزیک ئه‌و چالاوه بارگه و بنه‌یان خست، ده‌ڵین: سه‌رکاروانه‌که نێوی مالیکی کوری زه‌عری خوزاعی بو، به دوکه‌س له پیاوه‌کانی وت: ئا بڕۆن له و چلاوه هه‌ندێ ئاو هه‌ڵگوێزن. ئه وانیش چونه سه‌ر چالاوه‌که و دوڵچه‌یان رۆهێشته نێو چالاوه که، له ناکاو تێ‌گه‌یین که دوڵچه‌که، قورس بووه، وایان زانی که زۆر پڕوته‌ژی بووه له ئاو، کێشایانه سه‌رێ، روانیان وا میرمنداڵێکی زۆر جوان و خوێن‌گه رم‌و خوێن شیرین له نێو دوڵچه‌که دایه، پیاوه‌کان به دیتنی ئه‌و منداڵه جوان و له بـه‌ردلانـه واقـیان ورمـاو

Dr.Saleh Ebrahimi



سەریان سورما، کارەساتیان بە مالیک راگایاند، ئەویش بە پەلە و بەلە زخۆی گەیاندە سەر چالاوەکە، کاتێ چاوی بە جەماڵی بێ وێنەی یوسف کەوت بە عە جباتێ زۆرەوە لە بەر دەم یوسفی جوان و تە رلان وەستا، وە بە حەبەسانەوە ئاولە زاریـدا ویشک بـوو دەی روانی‌یە بە ژنو بالا و جوانچاکی و خوێن گەرمی یوسف، پاشماوە یەک دەمـی هـە لێپچری و لەوی پرسی تۆکێت؟ وە لەم چالاوە داچت دە کرد؟ یوسف وتی: من کوڕی یەعقوب لە بنە ماڵە و زاروکانی ئیبراهیم و ئیسحا قم، براکانم منیان خستوتـە نێـو ئـەم چالاوە، مالیک وتی: ئەمە نیشانەی بەختە وەری منە کە لەباتی ئاو گەو هـەری شـە و چرای وەک تۆم لەم چالاوە، بۆ هاتۆتەدەرێ. ئەوسا دەستوری داکراسی جوانی لە بەر بکەن و یوسفی هەڵگرت و سواری کرد و بەرە و میسر کاروانیان ئاژۆت.

کاروان دوای ڕێ بڕینی زۆر دورو درێژ گەیشتە سەر زەوی پان و بەرینی میسر، خەڵکی کاتێ چاویان بە هاتنی کاروان کەوت، دەو ران دەوری کاروانیان گرت، ئەو خەڵک و حەشیمەتە لە دیتنی یوسف تێر نەدەبون، لە دڵی خۆیاندا دەیان وت خوایا ئەمە ئادەمی یە یا فریشتە و پەری یە، چونکا تا ئەو سەر دەمە هیچ یەک لە وانە مرۆڤێکی جوانچاکی وەک یوسفیان، قەت نە دیبو، خەڵکی لە خۆشی و جوانچاکی یوسف دەستیان کرد بووە زەنازەنا و شایی کردن، خێوی کاروانەکە، پیێ و تن: سۆزی لە نێزیک کۆشکی عەزیزی میسر بار و بنەی کاروان پاندەکە ینەوە و دەیخەینە، بەر چاو وتە ماشای خەڵکی، هەر کەس کڕارە، با سۆزی بێتە ئەو شوێنە دیاری کراوە، ئەو شەوە لە هەمو کۆڕو کوبونەوە یەکدا، قسە و باس هەر لە جوانی و جوانچاکی یوسف ئەو لاوە مێر منداڵە بوو، کە خێوی ئەو کاروانە لەگەڵ خۆی هێنابوی.

بو رۆژی دوایی، خە ڵکەکە پۆل پۆل و دەستە دەستە بە رەو ئەو شوێتەی کـە خێـوی کاروانەکە دیاری کردبو، کشان و لەوێ کوبونە وەو کۆزیلکەیاندا، حەشیمەت ئەونە زیاد بو، هەر جمەی دەهات، جیگا نەما بو تاخە ڵک لیێ دانـیشێ یـا لێـی راوەسـتێ و تەماشای بەژن و بالا و جوانی و خونجیلا نەیی یوسفی جوان بکاو بتوانێ لە نێزیکە وە، یوسف ببینێ و بۆی بڕوانێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



مالیک یوسفی ناردبووه، گه‌ر ماو، جادوای خۆشتون جلک و به رگی جوان و رازاوه‌یان، له به‌ر کرد، دانه دانه‌ی دوڕ و مرواری‌یان به موی قژی زێرینی ئه‌واکرد و پشتێنی رازاوه به یاقوت و زومرودی له پشت به‌ست. وه ته‌ختێ به رزی هێنا و یوسفی له‌سه‌ر دانا.

خه ڵکی کاتێ چاویان به یوسف که‌وت ده‌ستیان کرد به‌خۆشی و شادی و پله زیقانو هوراکیشان، هه‌رکه‌سێ له بابه‌ت جوانی و شێوایی و خوشیکی یوسفه‌وه، شتێکی راده‌گه باندو ده‌یان کرده هه‌را هه‌را و شادی، تا ده‌نگه ده‌نگی ئه و خه ڵکه،گه پشته‌گوێ (فوتیفرع) عه‌زیزی میسر که‌له‌کۆشکی خوێدا دانیشتبو.

عه‌زیزی میسر له پیاوه‌کانی خۆی هۆی ئه‌و زه‌نازه‌نا و قسه و باسه‌ی پرسی.

یه‌کێ له‌پیاوه‌کانی وتی: قوربان کاروانی مالیک غولامێکی له ته‌ک خۆیدا هێناوه‌که له جوانچاکی‌دا بێ وێنه‌یه و ئه‌م گرمه‌گرم و ده‌نگه ده‌نگه، بۆدیتنی ئه‌وه، خه‌ڵک سینگه دریێ‌یانه تا بچن‌و له نێز یکه وه، ئه‌و لاوه جوانچاکه،که‌م وێنه ببینن و تێر تێر ته‌ماشای بکه‌ن و بۆی بڕوانن.

زوله‌یخا ژنی عه‌زیزی میسر که له‌وێ بو، دوای بیستنی ئه‌و قسانه وتی: ئاوه‌ره با پیکه‌وه ئێمه‌یش بڕۆین تابینین.

عه‌زیز خوێ‌ساز کرد و له ته‌ک زوله یخای خێزانیدا له‌سه‌ر ته‌ختی ره‌وان، چونه ئه‌و شۆتنه‌ی که مالیک بارگه و بنه‌ی لێ بلاوکردبوه وه.

کاتێ زوله‌یخا چاوی به جه ماڵی بێ‌وێنه‌ی یوسف که وت دڵه خورپه‌ی پێ‌که‌وت و یه‌ک هه‌و دڵی که وت‌و بووه دڵبراوی، له‌م لاشه وه عه‌زیزی میسر له به‌رعه جبات‌مان، ده‌می واق ما و سه‌ری سورما و زۆری لا جوان و جوانچاک بو. له‌وکاوه دابو،که کڕیاران هه‌رده‌مه‌ی نرخێ زیاتریان بۆکڕینی یوسف پێشنیار ده‌کرد تا سه‌ره‌نجام عه‌زیزی میسر به پێشکاری خۆی‌وت: بڕۆ ئه‌و لاوه‌م به هه‌ر نرخێ که شیاوه بۆ بکڕه و بهێنه‌وه ماڵێ.

به مجۆره عه‌زیز یوسفی له مالیک کڕی و یوسف هاته‌کۆشکی عه‌زیزی میسر و نیشته

Dr.Saleh Ebrahimi



جێبێی بو.

یوسف ساڵەها لە کۆشکی عەزیزی میسر مایەوە و لە و ماوەها بو کە رۆژ بۆ رۆژ هەڵیدەداو بە خۆدا دەهات و جوان و جوانتر دەبو، زولە یخایش کە ئەو هەمو جوانچاکیەی لە یوسف دا دەدی، شێت و شەیدای یوسف ببو و لەبیری ئەوە دا بو کە چلون تامی کامی لێوە ربگرێ، زولەیخا نەی دە زانی یوسف پێغەمبەر زادە یەکی نەجیبەو دورە لەهە رجۆرە هەڵخزان و خواری و تاوانێک، وە مروفێکی پاکە، کەبێجگە لەرە زایخواگوێ ناداتە اشتێکی دیکە، شکۆ و جەلالی کۆشکی عەزیزی میسر و جوانیو زیبایی و دلبەری، گوڵپەری زولەیخا کموسکەیەک لە ئاکار و خوو رەفتارو کرداری یوسف داشوێنی بەدفەرێ دانانی، یوسف مرۆڤێکی مەزن و گەورەیە، کە دڵ و دەرونی تەنیا وەتەنیا داوەتە لای خواو خوادۆزی، تەنیا وە تەنیا لە خوا بیر دەکاتەوە و سەرنج ناداتە ئەمو ئەو، یوسف مرۆڤێکی مەلەکوتی یە، لای ئەو قوژبنی تاریک وشتیداری زیندان و کۆشکی باشکۆی شاهان، یەکسانە، لە هەرشتێکدا تەنیا باری مەعنەوی ئەوە لە بەر چاو دەگرێ، مرۆفیکە، کە ئیرادە و لینەوینی وەک پۆلایە، بە هەر بایەک ناکەویتە شنە.

گەلۆ زولەیخا لەوە بێ ئاگایو، بۆیێ هەروا رەمەکیانە لە خۆرا ئەوینی یوسفی لە مێشکیدا پەروە ردە، دەکرد و شێتو شەیدای یوسف ببو و لەخۆوە دلی بۆ یوسف دە بوراوە، هەر رۆژیک بە جورێک ئەوینی خوێ بەیوسف دەنواند، کێچ کە وتبوە کە ولی، ئاراو قارای نەبو.

بەلام یوسف بە وئیرادە قەویەوە، بە وئیمان و باوەرە پاکەوە کە بەخوای هەبو، هەرجارێ بە جۆرێ خوێ لەداوی هەوسبازی وشەیتانی زولەیخا رزگار دەکرد، تا رۆژێ لە رۆژان زولەیخا لێبرا هەرجۆر بووە یوسف بگرێ و تامیکامی لیێ وەربگرێ، جا ئەوەبو خوێ رازانە وەو جلک ولیباسێ زۆر جوانو رەنگینی لە بەر کرد و هەموجۆرە خشلی و خاوێکی بە خۆدا هەلواسی و یوسفی بانگ کردەلای خۆی.

یوسف چووە دیوی لای زولەیخا: زولەیخا وتی: وەرەلای من دانیشە دەمەوێ کە مێ لە

Dr.Saleh Ebrahimi



تەک تۆ دا قسە بکەم و بدوێم.

یوسف لەلای دەستی دانیشت، زولەیخا وتی: یوسف دەم وچاوی تۆ، رومەتی تۆ چەند جوان و نارسک و پڕئاو و دلگیرە، یوسف لە وەلاما وتی (احسن الخالقین) خـواوای خولقاندوە.

وتی: چەن جوان و نەرم و خاوە، موی سە روکاکۆڵی جوانی تۆ، یوسف‌لە وەلاماوتی: یەکەم شتێ‌کە لە قەبردا دەوەرێ مووە، زولەیخا وتی: چەن جوان و نە خشین‌و شەفاف و گیرایە چاوی جوانی تۆ، یوسف لەوە لاما وتی: یەکەم شتێ‌کە دە بەسترێ پۆلوی چاوە کە ویێک دێ و ئیتر نابینێ زولەیخا وتی: چ بۆنێ خۆشت لێدێ، دەڵێێ گوڵەبێن خۆشەی، بێنی عەتر و عەبیر دەدەی، وتی: ئەگەر دوای سێ روژ مردن من ببینی لەبەر بۆنی ناخۆشم بە پەلە رادەکەی‌و لام دانانیشی.

زولەیخا وتی: یوسف من دەمە وێ لە تۆ نێزیک بم، کە چی تۆ لەمن دوری دەکەی.

یوسف وتی : من تەنیا لەکەرە می‌خوا نێزیکی دە خوازم.

زولەیخا وتی: تۆ بروانە نێوچاوم هێزو هە ناوم، یوسف فەرموی لەشە یتان دەترسم.

وتی: ئەگەر بە قسەم نەکەی دەڵێم: وات ئازار بدەن ئاخ و ئوخت لێ بچنن.

یوسف وتی: خوایارمەتیم دەدا. لەو دەمەی‌دا زولەیخا توڕەو جنگز بو ویستی بـە زۆر تامی کام لە یوسف بستینێ، یوسف لە ترسا رای کرد، وە بەرە و درگای دەرێ‌ کۆشک دەر باز بو، زولەیخا بە پەلە بە دوی‌کەوت، یوسف خەریکی کرد نەوەی درگاکە بو تالە وکۆشکە راکاو بڕواتە دەرێ زولەیخا لە پشتە وەداوێنی کراسەکەی یوسفی توندگرت و بەرە و دواکێشای، کراسی یوسف لە دواوە داتیلیشا و دڕا و لە تێکی لە نێولە پی دەستی زولەیخا داما، یوسف درگای کۆشکـی کـردەوە ویـستی بـرواتـە دەرێ لەو دەمـەی‌دا عەزیزی میسرگە پشتەبەر درگای کۆشک، یوسفی بەو جۆرە دی، زولەیخاکە بە دوای یوسفەوە بو، کاتێ چاوی بە مێردەکەی کەوت والە دەم درگایە، یەک بە حۆی قیژاندی‌و لە قریشکەی‌دا و وتی: مێردەکە!کـەسێ کـە سـەبارەت بـە خێـزانت چـاو داگـرێ یـا چاوشارکیێ لەگەڵدا بکا سزای چییە؟

Dr.Saleh Ebrahimi



عەزیز کە بڕوای بە پاکی و ڕاستی و دروستی یوسف هەبو لێ پرسی، چییە و چقەو ماوە، کە وا زولەیخا ئاڵۆز و بە داوە؟

یوسف وتی: زولەیخا پڕی پیداکردم و منیش لە تاوا لە دەستی ڕام کردوە، ویستم لە درگاوە خۆم دەر باز بکەم تا لە چاو چنۆکی و چاو نەزێری زولەیخا خۆ زگار بکەم، کە لە پشتەوە پەلاماری دام و کراسە کەمی تیلیشان و دای دڕبی، زولەیخا دەیە وێ ئاواڵ بۆخۆی ساز بکا جائە وەیە ئاوری کردۆتەوە.

عەزیز ڕوی کردە زولەیخای خێزانی و پێیوت: ئەوەی یوسف دە یڵێ ڕاستە؟ زولەیخا وتی: خەیر، هەمو قسەکانی درۆیە و ئەبێ سزا بدرێ و بە سزای کردەوەی خۆی بگا، وادیارە یوسف ئاوی بێ لغاوی خوار دۆتەوە. تائاوی تاڵ و سۆیر نە خواتەوە نازانێ لە گەڵ من چلۆن هەستێ و دانیشێ. عەزیز کە دەی زانی یوسف پاکە و بێتاوانە لێبرا واز لە و قسە و باسە، بێ و دیزە بە دەر خۆنەی بکاو ئاو بە ئاو ڕا بکرێ و ئیدی قسەی لێنەبێتەوە و بە ردی لە سەر دابنرێ.

بەڵام لە بەد بەختیان قسەی عەشق و ئەوینی زولەیخا تاکەوتە زارێ کەوتە شارێ و زارە و زار و شارە و شارگە ڕا وبڵاو بۆوە، جا زولەیخاکە زانی والە نێوخە ڵکدا سوک و چروک بۆیی دەروانن و توانج و تەشەری تێ دە گرن، مێردەکەی خۆی دنەدا تا یوسف بخەنە بەندیخانەوە تا لە ڵکو بە وەزیانتر خەڵک بە سوڕ و تورِی نە زانێ و ئیدی ئاولە ئاسیاوێ هە ڵبڕێ و یوسف بە تاوانبار دانرێ و لە بە ندیخانە توند کرێ، بە خەیاڵ ئیدی قسە نەیەتە سەر زولەیخا، با قسەی خۆمان بێ سەرەنجام زولەیخا توانی بە گزی و فزی بە هۆی عەزیزی مێر دی یەوە، یوسف بە تاوانی پاکداوێنی و پاکی لە بە ندوزیندان توند بکا بەو گومانە کە بەوە یوسفی تەمێ کردبێ، زولەیخا ئیتر لەوە ئاگادارنەبو کە زاروکی پێغەمبەری خوا زیندانو کۆتو بەند، بەو هە مووە ڕەنج و دەردەوە، لە کۆشک و تەلاری عەزیزی میسری پێ باشترە، لەزیندانا زۆر ئاسودەترە تالە کۆشکێ ئاوا پڕوتەژی لە شەیتان و گزیکار و مرۆفی ناڕاست و خۆ خواز و دورلە ئینسانی و مرۆفانی.

گەلۆ: یوسفی بێتاوان خرایە زیندان. جادوای چە ندرۆژ لە زیندان مانەوە، ساقی و

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاشپه‌زی فیرعه‌ونیشیان به‌ناوی (شه‌ر هاقم و شه رهاکم) خسته زیندان.
یوسف پێنج ساڵی ره‌به‌ق له‌زیندان به ندکرا، له و ماوه‌دا زیندانیانی رێنوێنی ده‌کردو ئه‌وانی بورێگای حه‌ق و خواناسی و خوادوژی بانگ ده‌کرد، تا روژێک، سه‌رله به‌یانی که ساقی و ئاشپه‌زی فیرعه‌ون له خه‌و، وه‌خه‌به‌ر هاتبون، به یوسفیان وت: دوێنێ شه و خه‌ونێکمان دیوه، واتاکه‌مان پیێ بڵێیێ.
یوسف له ساقی پرسی چخه‌ونێکت دیوه؟ بڵێ بزانم ساقی عه‌رزی‌کرد له خه‌ونمدا چومه باخه مێویێک، وه له و باخه‌دا بنه‌داره ترێ یه‌ک هه‌بو، که سێ شاخانه بو و سێ هێشوه تریێ به ولق و پوپانه وه‌شوڕ ببونه خوارێ، من ئه‌وسێ هێشوه ترێ یه‌م له بنه میوه که‌کرده وه و چنیم، جا له‌وانه شه رابم سازکرد و بردم دامه ده‌ست پاشا و پاشایش زوری پیێ خوش‌بو و خوشی له من‌هات و زوری لوتف له‌گه‌ڵ کردم.
چون ساقی پاشا (شـه‌رها قـم) خـه‌ونه‌کـه‌ی خوی بو یـوسف گـیرایـه وه، ئـاشپه‌زیش (شه‌رهاکم) هائه به‌رده یوسف و عه‌رزی‌کرد: منیش له‌خه و نمدا دیتم واسه له یه‌ک نان له‌بان سه رمه و باڵندهم و په له‌وه ران دێن له‌وه ده خون، تکایه واتاکه‌یمان بولێک بده‌وه.
یوسف به‌ر له‌واتاکردنی خه‌ونه‌کانیان ئه‌وانی بورێگای راست‌و خـوا بـه‌یه‌ک‌زانـین و براوئیمان به خوای بیٚ‌لف و تاقانه بانگ‌کرد و رێگای خوای نیشان دان و فه‌رموی:
ئایا خودان و خێوی جیاجیا و بێ حه‌قیقه‌ت‌که به ده‌ستی ئیوه و باوبا پیرانتان ساز دراون، باشترن یا خوای تاک و خاوه‌ن هێز و به دێهینه‌ری جیهان و جیهانیان؟
یوسف فه‌رموی: هاو به ندی یانی من باش بنرانن ئه‌وانه‌که بێجگه له خوای به‌رزو بڵێند خودان‌و خالقی ئه‌م دنیای بونه، هه‌رشتێ دیکه بکه‌نه مه‌عبود بو خوتان، پوچ و بێ بنه ره‌ته و بو عیباده‌ت‌کردن ناشێن، ته‌نیا ئه‌بێ بوخوا و به‌دێهینه‌ری ئه‌م‌کائیناته عـیباده‌ت بکه‌ین و به‌س، جاکه‌وایه ده‌ست له شیرک و بوت په ره‌ستی به‌ر ده‌ن و توبه بکـه‌ن و برواو باوه‌ر به خوای باری ته‌عالای به خشه رود لاوا و دلوفان و ده‌هنده و به‌وزه بهێنن.
یوسف جادوای ئه‌م په‌ند و رێنوێ نییانه، واتای خه‌ونه‌کانی ئه‌وانی به مجوره بو لێکدانه وه و فه‌رموی:

Dr.Saleh Ebrahimi



یه‌کێ له ئیوه‌که له خه‌ونیدا باخی مێوی به‌و جوره دیوه تا سێ روژی دیکه ئازاد، ده‌کرێ و دوباره ده چێته‌وه سه‌رکار و باری پێشوی خوی.

ساقی کاتێ ئه‌م قسانه‌ی بیست زور شاد و خوشحاڵ بو وعه‌رزی یوسفی کرد، جائێستا واتای خه‌ون دیتنه‌که‌ی هاواڵم به‌یان بکه تا ئه‌ویش شاد و دڵخوش ببێ.

یوسف فه‌رموی: واتای خه‌ون دیتنی ئه‌و تان به مجوره‌یه:

تا سێ روژی دیکه، له‌داری ده‌ده‌ن و باڵنده و په‌له‌وه ران مێشکی سه‌ری به ده‌ندوک ده‌ردێنن و ده‌یخون.

ئاشپه‌زکاتێ ئه‌وه‌ی بیست وتی:

من خه‌و نم نه دیوه و ئه‌وه بو توم گێرایه‌وه به‌دروو به ئانقه‌ست ئه‌وه‌م به تووت.

یوسف دوعای بوکردن و به ساقی وت: کاتێ له‌زیندان چویته ده‌رێ و ئازاد بوی، لای پاشا یادم بکه و بێژه بێ‌تاوان، پێنج ساڵه به‌ند و زیندانم، به ڵکو منیش ئازادبم.

جادوای سێ روژ زیندانه‌وان ساقی و ئاشپه‌زی بانگ‌کرد و درگای زیندانی بوکردنه‌وه‌و هه‌ر به‌و جوره‌ی یوسف فه‌رموبوی ساقی دوای ئازاد بون، گه رایه وه بوسه‌رکار و باری جارانی و ئاشپه‌زیش کرابه دارا. به لام ساقی ئه‌سپارده‌ی یوسفی له بیر چبوه‌وه و چون ئازادکرا یوسفی له بیرچبو، وه یوسفی بێ تاوان حه‌وت ساڵی دیکه له به‌ندو زیندان قه‌تیس ما، تاشه وێ له شه‌وان فیرعه‌ون خه‌ونێک ده‌بینێ و به په‌شوکاوی و ترسه‌وه له خه‌و راده‌چنه‌کێ، هاوارده‌کاو دارو ده‌سته‌که‌ی هه‌روه‌کو یا جوج و ماجوج له پاشا ئالان، ئه ستێره ناسان وخه‌ون‌زانان و لێکورانی خه‌ون دیتنیان، بو پاشا بانگ‌کرد، پاشا خه‌ونه‌که‌ی بوگێرانه‌وه، به‌لام که‌س نه‌یتوانی به‌باشی واتای بکاوئه و خه‌ونه‌ی پاشا لێک بداته‌وه، به پاشایان وت: له خه‌ون دیتنی هاته‌ران و پاته‌ران ده‌چێ، واتای بو نابیندرێته‌وه. فیرعه‌ون له دڵی چه‌قیبو، که ئه‌وانه نای‌زانن، ده‌بێ سه‌ره‌نجام یه‌کێ په‌یدا بکه‌ن تا به‌باشی واتای ئه‌و خه‌ون دیتنه‌ی بو لێک بداته‌وه له‌وکاوه، له ناکاو ساقی فیرعه‌ون که له‌وێ بو، یوسف هات به بیریداو زور جوان باسی یوسفی بو فیرعه‌ون کرد و رای گه‌یاند که یوسف به راستی زور باش، وه به و ردی واتای خه‌ون دیتن لێک‌ده داته‌وه و چاکی ده‌زانێ و به

Dr.Saleh Ebrahimi



گشت خه‌ون دیتنێک زانا و ناسیاوه و زانایانه لێکیان ده‌داته‌وه. هه‌روه‌ک خه‌ون دیتنی من و ئاشپه‌زی به راستی و دروستی لێکدایه‌وه، به راستی ئه‌وه‌ی یوسف فه‌رموی مو به مو به راست گه‌را، به باوه‌ری من یوسف له زانینی واتای خه‌ون دیتندا له جیهاندا بێ‌وێنه‌یه، به پاشای وت: من دڵنیام ئه‌و واتای ئه‌م خه‌ون دیتنه به‌باشی، وه به وردی و زۆر رون و ئاشکرا ده‌توانێ لێک بداته‌وه.

فیرعه‌ون که ئه‌م قسانه‌ی بیست، به ساقی وت:

به په‌له برۆ، هه‌رچی زوتره له‌وێ له زندان واتای ئه‌م خه‌ون دیتنه‌ی لێ بپرسه، بزانه چ ده‌ڵێ.

ساقی به‌له‌ز به‌ڵام به شه‌رمه‌وه چووه خزمه‌ت یوسف و واتای خه‌ون دیتنی فیرعه‌ونی لێ پرسی.

یوسف بێ ئه‌وه‌ی له بێ‌وفایی ساقی قسه بکا، زۆر ورد و له سه‌ره خۆگوێی بۆ قسه‌کان و خه‌ون دیتنه‌که‌ی فیرعه‌ون راگرت و خه‌ونه‌که‌ی فیرعه‌ونی واتاکرد و بۆیی لێکدایه‌وه.

ساقی دوای بیستنی واتای خه‌ونه‌که، گه‌راوه بۆلای فیرعه‌ون و پوخت و نه غذ قسه‌کانی یوسفی بۆگێراوه.

جادوای ته‌واو بونی قسه‌کانی ساقی، فیرعه‌ون وده‌س و پێوه‌ند و میوانه‌کانی فیرعه‌ون له‌و واتاو لێکدانه‌وه‌ی یوسف له‌و خه‌ون دیتنه سه‌ریان سورما، واقیان ورما، هه‌مو به تێکرا چونه سه‌ر ئه‌م قسه وزۆر با تاسه‌وه وتیان، خوزیا، ئه‌م لاوه زانا و پرعیلم و حیکمه ته‌مان له نێزیکه‌وه بدیایێ، له‌م لاشه‌وه فیرعه‌ون تێ گه‌یی که واتای خه‌ون دیتنه‌که‌ی زۆر به وردی و به‌ئاشکرا ئه‌و لاوه به‌ندکراوه لێکیداوه ته‌وه و رێگا چاره‌شی نیشان داوه، فه‌رمانی دا زۆر به له‌زبچن یوسف بهێننه لای فیرعه‌ون تا له‌گه‌ڵ یوسف له‌نێزیکه‌وه ناسیاوبێ و له زانست و زانینی ئه‌و بۆهه ڵسوراندی‌کار و باری گرینگی نیشتمان و وڵات که ڵک‌وه رگرن.

ساقی له خۆشیان زۆر به په‌له بۆ ئازادکردنی یوسف خۆی گه‌یانده به ندیخانه و عه‌رزی یوسفی کرد:

Dr.Saleh Ebrahimi



فیرعەون دەستوری داوە هەرچی زوتر ئازاد بکرێ و بچیتە لای فیرعەون زۆر تامەزروی دیدارتە و زۆری پێخۆشە بت‌بینێ.

ساقی‌وای بیردە کردەوە، کاتێ یوسف ئەم هەواڵە ببیستی زۆر خۆشحاڵ دەبێ و زۆر زولە زیندان دێتەدە رێ‌و لەگەڵ ئەودا دەچێتە لای فیرعەون، بەلام یوسف بە راوە ژوی چاوە روانی ساقی، لە پەرسف‌و وەرامی دەستوری فیرعەون داوتی:

برۆ وە لای فیرعەون و پیێ‌بڵێ: تالە بابەت منەوە بکۆڵێتەوە جا ئەگەر بێ تاوانی منی بۆ روناک بووە وە وزانی لە دە رباری ئەو داچدە بورێ و ژنانی دە ربار بۆچ لە باتی پاک کردنی نارنج و لیمۆ، دەست و پەنجەی خۆیان بڕی؟ جا ئەگەر لە کارەساتەکە، ئاگادار بو و بێ تاوانی منی بۆ دە رکەوت، دێمە لای دەنا، با هەر لەم بە ندیخانە داقەتیس بم.

ساقی بە پەلەگە راوە بۆ لای فیرعەون و قسەکانی یوسفی بۆگێراوە، فیرعەون‌کە بۆ دیتنی یوسف ئاراو قارای نەبو، زۆر بە لەز دەستی کرد بە کۆلێنەوە لەو کارو بارو رو داوەو لەژنانی دەر بار و ژنی عەزیزی میسر (زولەیخا) سە بارەت بەئەوینی زولەیخا بە یوسف پرسیارگە لێ وردی کرد، ژنانی دەربار بە تێکرایی پاکی و پاکداوێنی یوسفیان راگەیاند، لە پاشان و تیان: یوسف لە مرۆفانی، راستی، پاکی و بێ‌خەوشی و دروستی لە جیهاندا بێ وتینەیە و پاکە و چاکە ولە چەکانە.

ئەوسا فیرعەون زولەیخای بانگ کردە لای خۆی و راستی و دروستی کارەساتەکەی لێ‌ویست.

زولەیخا چارەی نەما، تەنیا ئەوە نە بێ راستی کارەکە پوخت و نە غد بێ درۆ بۆ فیرعەون بگیرێتەوە، جائەوە بو رای گەیاند کە من: (زولەیخا) بە یەکەم تەماشا عەشق و ئەوینی یوسف دەڵیە نیۆ دڵ و دەرونم، وە لەسۆی یوسف ئەمانم لێ بڕا، شێت و شەیدای ئەو بوم، بەلام یوسف بەو رۆحەگەورە و پاکەوە، وە بە وئیرادە قەوی و لێنە وینە، قەت لە رێگای حەق و حەقیقەت و راستی و پاکی و دروست لای نەدا و بە عەزیز خە یا نەتی نەکرد، وە هەمیشە خۆی لەمن دور دەخستە وە تا ئەو جێگایە لە بەر راستی و پاکی گۆشەی تەنگ و تاریکی بە ندیخانەی لەباتی کۆشکی رەنگاو رەنگی عەزیز لە بەر

Dr.Saleh Ebrahimi



چاوگرت و تائێستا واچەندین ساڵە بە تاوانی بێ تاوانی و لە بەر پاکی و داوین پاکی واله بەندا قەتیس، ماوە پەکو لە پاکداوێنی ئەو لاوە، کە من دڵ و هەناوم بەو داوە، جەرگم بۆیی براوەو هێزی ئەژنوم شکاو وە تین و تە و ژمم لەلەش و لاردا بۆی نەماوە.

جاکاتێ بۆ فیرعەون و فیرعەونیان بێ‌تاوانی و پاکی و پاکداوێنی یوسف دەرکەوت و رون بووەوە، ئەوەندەی دیکە دڵ و درونیان بۆدیتنی یوسف گڕی گرت و زۆر بە پەلە دەستوری‌دا تا هەرچی زوتره برۆن یوسف بەرێز و حورمەتێ تایبەت بهیننە لای من.

نوکتە: بۆیەکە مجارکە پیاوی فیرعەن چووە شۆین یوسف تالە زیندان بێتە دەرێ، یوسف خۆی گرت، ئەگەر ئێمەمانان بوایین خێرا دەهاتینە دەرێ دەمان وت: جارێ بالەم‌کونە رەشە رزگاربین، دەڵێن: فێرعەون کاتێ زانی یوسف واراست ورەوان و ئـاشکرا خـەون دیتنەکەی بۆلێکداوەتە و رێگای چارەیشی نیشان داوە ویستی خۆی. بچێ بۆزیندان تا یوسف رزگار بکا بە لام لەبەر تا غوتیگەری خۆی نە چو، پیاوی‌نارد، بۆجاری دوەمیش کە داوێن پاکی یوسفی بۆدەرکەوت، ویستی ئەمجارە خۆی بچێ و یوسف لەگەڵ خوێدا بیهێنێتە لای خۆی وکارو باری میسر بداتە دەست یوسف. بە لام غوللوری تاغوتی ریێ پێ‌نەدا، پیاوی نارد، جاکاتێ یوسف زانی پاکداوێنی ئەو بۆ فیرعەون و فیرعەونیان رون بۆتەوە، لە زیندان هاتە دەرێ و چووەکۆشکی فیرعەون، زۆر بەقەدر و رێزە وە فیرعەون لای خۆی دایناو بە یوسفی وت: (انک لدنیا مکین و امین) یوسفیش فەرموی: (و اجعلنی علی خزائن الارض انی حفیظ علیم)

گەلۆکاتێ یوسف لە زیندانەوە هاتەکۆشکی فیرعەون، لەو دەمەی داکە جەماڵ وکە ماڵی یوسف دەرکەوت، فیرعەون و فیرعەونیان چاویان بەو هەموە جوانی ولە باری و شکۆو شەوکەتی یوسف‌کە وت، مات و حەیران‌مان و زۆر بە رێزەوە لە بە ری‌هەستان و فیرعەون دەستی گرت و لەنێزیک خۆی داینا و زۆری قـەدر و ریـز لێـنا و دڵخۆشـی دایەوەو خەون دیتنەکەی خۆی بۆگێراوە و پێ‌وت پێم خۆشە لەزاری شیرینی پاک و خاوێنی خۆت واتای خەونەکەم جارێ دیکە ببیستم، لە بەرا فیرعەون بە یوسفی وت لە خەو نمدا دیتموا حەوت‌گای قەڵە و لە جۆگەڵەیەک پەرینەوە و لە نێو چیمەن و مێرگ و

Dr.Saleh Ebrahimi



مێر خوزارێکدا ده‌ستیان به‌چه‌رین و له‌وه‌رین کرد، له پاشان حه‌وت‌گای له‌ر و لاغر هاتن و ئه‌و حه‌وت‌گا قه‌ڵه وانه‌ان خوارد، دوا به دوای ئه‌وه له خه‌ونمدا دیتم که حه‌وت‌گوڵی سه‌وز، حه‌وت‌گوڵی ویشک و سپی له وان ئالاو ئه‌وگوڵه سه‌وزانه‌یان تیا برد، به جۆرێ که ئاسه واریان نه ما و قرته‌یان لێ برا.

**یوسف دوای بیستنی خه‌ون دیتنه‌که‌ی فیرعه‌ون فه‌رموی:**

هه روه‌کو به پیاوه‌که‌ت دا له به‌را رام‌گه یاندبو، حه‌وت ساڵ ولاتی میسر ته‌ره ساڵ و پڕناز و نیعمه‌ت ده‌بێ و دانه وێڵه و ده‌خل و دان و به‌ر هه‌م زۆر و فراوان ده‌بێ، جادوا به دوای ئه‌وه حه‌وت ساڵ ویشکه ساڵ وقات و قڕی وگرانی وکه می‌ده خل و دانه وێڵه، رو ده‌دا، ئه‌گه‌ر لێستاوه رێگا چاره‌ی بۆ نه‌دۆزرێته‌وه، ئه‌بێته هۆی تیاچونی خه‌ڵک و له برسیان داخه‌ڵک قری تێ‌ده‌که‌وێ.

**فیرعه‌ون پرسی: چاره چی‌یه؟**

یوسف فه‌رموی: جوتیار و ورزیران ده‌بێ له مروکه‌وه و له‌م ته‌ره ساڵانه داله‌گشت سه‌ر زه‌وی و هه‌ردی میسر، په‌ره دارانه ده‌ست بکه‌ن به‌کشت وکاڵ و چه‌ندنی گه‌نم، جۆ، هه‌رزن وگاڵ وگوڵه پێغه مبه‌ره و نیسک و نۆک و دانه و ێڵه، تائه‌وه نده، دانه وێڵه له‌م حه‌وت ساڵه‌ی ته‌ره ساڵیدا ئازوخه بکرێ،که له حه‌وت ساڵی ویشکه ساڵی‌و قات و قریدا بتوانین خۆرا بگرین و یارمه‌تی خه ڵک و لاوه‌کی و هه‌نده رانیش بده‌ین و هه‌ست به نه‌داری و هه‌ژاری نه‌که‌ین فیرعه‌ون وتی: ئه‌م هه‌موه دانه وێڵه چلۆن؟ وه له‌کوێ ئازوخه‌ی بکه‌ین؟

یوسف فه‌رموی: ده‌بێ ئه‌نباری گه‌وره گه‌وره (سیلوی ئه‌م سه‌ر ده‌مه) ساز بکه‌ین‌و دانه وێڵه و دانه وێڵه‌که‌یش بۆ پاراستن له ئافه‌ت به‌گوڵه‌وه هه ڵیگرین و ئازوخه‌یان بکه‌ین. دیاره له‌کاتی قات و قریدا خه ڵکی هه‌نده ران به تایبه‌ت خه‌ڵکی و لاته جیران و دراو سێکان،که دێن له ئێمه ده‌خڵ و دانه و ێڵه، وه‌ربگرن ئێمه‌یش له باتیان پوڵ و دراو

Dr.Saleh Ebrahimi



یاکوتاڵ و سرِو سیپاڵیان لێوەر دەگرین و لەم ڕێگایەوە، هەم لە مەترسی قات و قڕی خۆمان را بگرین و هەم لەڕێگای فرۆشتنی، دانە وێڵە بە خەڵکی هەندەران، سامان و دارایی و پوڵ و دراوێ زۆر بە دەست دێنین.

فیرعەون لە بیستنی ئەو قسانەی یوسف کە زۆر زانایانەو پسپۆرانە بو، شاد و خۆشحاڵ بو، ئەنگوستیلەی تپڵی لەدەستی خۆی دەر هێنا و کردیە تامکی یوسف و تاجی پاشایی خویشی هەڵگرت و نایەبان سەر یوسفی نازدارو ژیرو پڕ عەقڵ و تەگبیرو بە مشور و خەم خۆری خەڵکی هەژارو نەدار و نێوخۆ و هەندەران، وە بە یوسفی وت: تۆ بەوهەموە زیرەکی و ژیری وکارزانی وکاردانی و بە مشوری و شیاوی یەوە، شیاوی فەرمانڕەوایی میسری و من دڵنیام حەڵکی بە هۆی ژیری و پڕ تەگبیری تۆوە، دەکەونە خێر و خۆشی و دارا و دەوڵەمەند و تێر و تەسەل تردەبن.

یوسف ئەنگوستیلەکەی وەرگرت، بەلام تاجەکەی بە پاشا داوە وگوتی:

من لە پلەی خەزێنە داریدا، باشتر دە توانم کار بکەم و بۆ ئاوەدانی نیشتمان و وڵات بکۆشم و یارمەتی بە خەڵک بدەم و میسر ئاوەدان و ئاوەدانتر بکەم و خەڵک بخەمە خێر و خۆشی تا لەناز و نیمعەتی باشتردا بژین و لە مەترسی قات و قڕی و برسیەتی و نەداری و هەژاری رزگاریان، بکەین.

فیرعەون قسەکانی یوسفی پەسەندکرد و بە مجۆرە یوسف بووە خەزینەوان و پوڵ و دراوی وڵاتی گرتە دەست و بۆ فراوان بونی دان وێڵە، دەستوری داتالە و حەوت ساڵە تەرە ساڵانە دا، دانە وێڵەیێ زۆر بچێنن و بەرهەمێ زۆر و باش بە دەست بهێنن و لە سیلوسازکراوەکاندابەگوڵو خۆشەوە بۆ ساڵانی و یشکە ساڵی و قات و قری ئازوخەی بکەن.(١)

(١) مێژو دە نوسێ: هەر لەو ساڵانە دا عەزیزی میسر مرد و زولەیخا لەکۆشکی غیرەت دەرکراو پیر بو وکەم کەم سۆمای چاوی لە دەست داو لەکوچە وکولاندا دەر بەدە ربۆ ـ شەپۆل

Dr.Saleh Ebrahimi



جادوای ته‌ره سالّی و فراوانی ده‌خل و دان ویشکه سالّی و قات و قـری داهـات، جـا یوسف به ژیری و دلّسۆزی ده‌خلّ و دانه ویلّه پاشه که‌وته‌کانی له نێو خه‌لّکدا له میسردا به‌ش به‌ش ده‌کرد و زیادی یه‌که‌یش به‌کریارانی هه‌نده‌ران ده‌فرۆشت، هه‌موئه و کارو بارانه له ژێر چاوه دێری یوسف دابو، یوسف خۆی دانه ویلّه‌ی به‌کریارانـی دراوسێ‌و خه‌لّکی هه‌نده‌ران ده فرۆشت، نـه‌وه‌کـومافی کـه سێ بـخورێ و زولّم له هـه‌ژارو بێ ئه‌نوایێ بکرێ.

ده‌گێرنه‌وه ئازوخه و دانه ویلّه، خانه‌دانی یاعقوب له‌که‌م و کوڕی‌دا، یه‌عقوب لێبڕا تا کوره‌کانی بنێرێته ولاّتی مبسر بۆ دانه ویلّه کڕین.

جا یه‌عقوب به‌کوره‌کانی خۆی فه‌رمو: بیستومه له مـیسردا پـاشایێ زانـا و ده‌هـنده و کارچاک، له سه‌ر کاره و زۆر ده‌ست رۆیوه و دلاّوایه، بچنه مـیسر لای ئـه‌و پـاشایه دانه‌ویلّه و خوارده مه‌نی ئاماده بکه‌ن و بیهێننه‌وه بۆ مالّ و مندالّ و خاو خێزان.

یه‌عقوب بنیامین‌ی لای خۆی راگرت و ده‌کوره‌که‌ی دیکه‌ی نـارده مـیسر بۆکڕیـنی ده‌خل و دان.

□ ده‌گێڕنه‌وه، دوابه دوای ئه‌وه‌ی که یوسف که وته چالاّو یاقوب رۆژ بۆ رۆژ زیـاتر ئۆگری بنیامین زاروکی گچکه‌ی خۆی ده‌بو و جێگای یوسفی له دلّی باوه یاقوب دا بۆ خوی خۆش کردبو، یاقوب نه‌ی ده توانی تاوێ،کاوێ له بنیامین دوربێ.

به لێ خوێنه رانی رێزدار کورانی یاقوب رێگای میسریان گرته به‌ر، کاتێ گه‌یشتنه میسر، ئه‌وانیان برده لای یوسف. یوسف کاتێ چاوی به وان که وت ئه‌وانی نـانسییه وه‌و دله خور په‌ی پێ که‌وت و دلّی داکه وت، به لاّم به سه‌ر خوێ نه هێنا و خوێ لێ ئاشکرا نه کردن و به پێشکاره که‌ی وت: بیانبه نه جێگای پشودان تـا مـاندو بـونیان ده‌رچێ، وه میوانداری یه‌کی باشیان بکه‌ن، ئه‌ویش کورانی یاقوبی برده جێگای پشودان و میوانداری یه‌کی باش و پیاوانه‌یان لێکردن.

بۆ رۆژی دواییدا، یوسف ئه‌وانی بانگ کرده لای حوێ و پرسیاری لێکردن:

ئێوه کێن و له‌کام تیره و هۆزن و له‌کوێوه هاتون؟

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەوانیش لە وەڵامی یوسف داوتیان: ئێمە کورانی یاقوب پێغەمبەرین و لە نەوەی ئیسحاق و ئیبراهیم پێغەمبەرین و لە کەنعانەوە هاتوین دەخڵ و دان بکرین بۆخاو خێزانمان، چونکا دانە وێڵە مان لەکەم و کوری داوە، کەندوە ئاردەکەمان لەبن کراندایە.

یوسف وتی: چەند رۆژێ بمێننە وە تا بزانم راست بێژین یا درۆزن.

کورەکانی یاقوب تێکرا وتیان: ئەی پاشا ئێمە باوکێ پیرمان هەیەکە یەکێ لەکورەکانی لە دەست داوە، ئەونە لە سوێ ئەو زاروکە گریاوە و کوڵیاوە، چاوی‌ئاوی هێناوە و گلێنەی سپی هەڵگەراوە، ئەگەر چەند رۆژێ ئێمە را بگری دەترسین لەسوێ ئێمە دیق بکاو بمرێ.

یوسف بە بیستنی باری ژین و ژیانی باوکی دڵی تەکانی خوارد و حاڵی گۆرا، بەلام بەسەر خۆی نەهێناو لە براکانی پرسی:

چی بەسەر ئەو کورە (یوسف) داهات، وتیان: گورگ خواردی. یوسف وتی: ئایابرای دیکەتان هەیە؟

وتیان: بەڵێ برایێ چکۆڵەترمان لە خۆمان هەیەکە باوکمان بۆ دڵخوشی خۆی ئەوی لای خۆی راگر تووە.

یوسف فەرموی: من بە قسەی ئێوە باوەر ناکەم، ئێوە دەبێ بۆسە لماندنی قسەی خۆتان، کاتێ بۆجاری دوەم دەتانەوێ بێنەوە میسر، دەبێ برا چکۆڵەکەتان لە تەک خۆتان بهێننە میسر تا بتوانم دانە وێڵەتان پێی بدەم، دەنا دەبێ بە دەستی خاڵی بگەرێنەوە، کورانی یاقوب بە تێکرایی بە ڵینیان‌دا، کە لەگەرانەوە بۆمیسر براکەی دیکەیشیان لەگەڵ خویان بهیننە میسر، جا یوسف دەستوری‌دا تا دانە وێڵەیان بدەنێ و هۆر و جەوالیان لەگەنم و دانە وێڵە بۆئاخنین، لە هەمان کاتدا یوسف بە پێشکاری خوێ وت:

کوتاڵ و نرخێ کە بۆکرینی دانە وێڵە هێناوە یانە، بە دزیەوە بۆیان. بخەنەوە نیوبارەکانیان. گەلۆ براکانی یوسف دوای پرکردنی بارەکانیان لە دەخڵ و دان بەرەو کەنعان گەرانەوە وچونەوە خزمەت یاقوبی باوکیان، وەئەوەی والەو سە فەرەداڵە میسر روی دابو، زۆر بە وردی بۆ باوکیان گێراوە، وتیان:

Dr.Saleh Ebrahimi



به‌ست به لاّم خۆی ئاشکرا نه‌کرد و ده‌ستوری دا زۆر جوان و باش له‌و میوانانه، ڕێز بگرن و میوانداری یه‌کی باشیان بکه‌ن.

له پاشان بنیامینی براچکۆله‌ی خۆی بانکرده لای خۆی و خۆی به دزی براکانی دیکه‌وه، به‌م ناساند و فه‌رموی: من یوسفی براتم که وتویانه گورگ خواردومی. هه‌ردو برا به‌م له‌ونه به‌یه‌ک شادبون و یه‌کترینیان گرته باوه‌ش و یه‌کتریان به تاسه‌وه تێرتێر ماچ کرد، جاله پاشان یوسف مو به مو رابورد وی خۆی بۆ بنیامین گێراوه که چی به‌سه‌ر هاتووه و چلون سه‌رکه وتو وگه یشتۆته ئه‌م پله و پایه و شکوێه. هه‌روا له بنیامینی ویست باسی باوکی بۆ بکاتابزانێ چلونه و له‌چ بارێکی‌ژین وژیان دایه. بنیامینیش ئه‌وه‌ی له بابه‌ت باوه یاقوبه‌وه ده‌ی‌زانی بۆ یوسفی گێراوه و رای گه‌یاند که ئه‌وه نده له سۆی دوری تۆ گریاوه، چاوی ئاوی هێناوه وگلێنه‌ی سپی هه‌ڵگه راوه و پشتیشی کۆم بۆته‌وه و وه‌ک گۆچان، چه ماوه، داماوه.

جاکاتێ یوسف له بابه‌ت باوکی یه‌وه ئاگادار بو،کاوه ژمێرێک به هه‌نسکدان و به قوڵپی گریانه‌وه، گریاوله سوێ‌یان دڵی بورایه‌وه، جاکاتێ که‌م که‌م ئارامی گرت و هاته‌وه سه رخۆ، وتی: لێبراوم تاتۆ لای خۆم را بگرم تا به ڵکو باوکیشمان بێته ئێره، میسر.

جا یوسف ده‌ستوری داده‌خل و دانێ زۆر به براکانی بده‌ن و باره‌کانیان بۆ ته‌ژی بکه‌ن له دانه وێڵه وله بنه‌وه به یه‌کێ له پێشکاره‌کانی فه‌رموبو: تاکاسه‌ی پێوانه‌که به نهێنی بخه‌نه نێولاباری بنیامین و بیکه‌نه هه‌راو هوریا و بانگه و ازکه پێوانه‌که، دیارنییه ئه‌بێ دزرابێ. پێشکار به‌و جۆره‌ی کرد وگه‌ڕان به دوای پێوانه‌که داوله نێو لاباری بنیامین دا دوزیانه‌وه، هه‌واڵیان به یوسف دا و ئه‌ویش فه‌رمانی‌دا تاکه سێ که‌کاسه‌ی پێوانه‌که، له‌نێو باریدا په‌یداکراوه ئه‌بێ را بگیردرێ.

براکان که ئه‌مه‌یان زانی زۆر نیگه ران و په‌شێو بون وکه‌وتنه پارانه و لالاّنه‌وه و رایان گه‌یاند ئه‌گه‌ر ئێمه بێ ئه‌و بچینه‌وه که‌نعان لای باوکمان، ئه‌و باوه پیره، زه‌وی گیره، دڵ برینه، له سوێ‌یان دیق ده‌کاو به سه‌رماندا ده‌مرێ، جاله به‌ر ئه‌وه تکامان وایه له باتی بنیامین یه‌کێ له ئێمه‌گل بده‌وه، چونکا باوکمان دوای یوسف دڵی به بنیامین داوه و دڵی

Dr.Saleh Ebrahimi



پاشای میسر رای گه‌یاندکه ئه‌مجاره ئه‌گه‌ر بچینه‌وه میسر ئازوخه‌مان پێ نـادا مـه‌گـه‌ر بنیامین له‌ته‌ک خۆمان ببه‌ینه میسر.

یاقوب له سه‌ره‌تاوه به ناردنی بنیامین بۆ میسر دژ بوورای گه‌یاند من دوای یوسف دڵم به بنیامین داوه و دڵم به‌م خۆشه جاله به‌ر ئه‌وه بنیامین‌تان له‌گه‌ڵدا نانێرم.

براکانی بنیامین وتیان: باوه مه‌رج بێ ئێمه زۆر باش و مرۆیانه‌و برایانه چاوه دێـری لیێ بکه‌ین تا بێ‌وه‌ی ببه‌ین و بیهێنینه‌وه خزمه‌ت تۆ.

یاقوب و تی: ئایا له‌بابه‌ت بنیامین ئه‌وه‌نده تان باوه‌ر پێ بکه‌م که‌له بابه‌ت یوسفه‌وه باوه‌رو بروام پیێ کردن؟

براکان وتیان: ئه‌ی باوه، سوێند به‌خوا به‌ڵێن بێ پیاوانه ئاگامان له‌و لاوه، بێ نـه‌یه‌ڵیـن، مویه‌ک له‌وکه‌م بێته‌وه، له‌و ماوه‌که ده‌چینه میسر و ده‌گه رێنه‌وه، لای تۆ ئه‌ی باوه! له‌و کاتی وتووێژه‌دا خه ریکی بارکردنه‌وه‌یش بون، له پڕدیتیان که‌ل و په‌ل و نرخه‌که‌یشیان له‌نێو باره‌کاندا یه‌و بۆیان گه راوه ته‌وه، بۆ دواوه‌که بۆ دانه وێڵه کڕین بردبویانه میسر.

یاقوب به دیتنی ئه‌وکه‌ل و په‌لانه دەڵه ته‌په‌ی پیێ که‌وت و نوری هیوا و هومێد له‌دڵیدا نوری داوه و له‌دڵه‌وه وتی: ئه‌م پیاوه‌تی یه، له تایبه‌تی‌یه‌کانی یوسف ده‌چێ و چاوه روانی دیتنی بنیامینی برایه‌تی، بوێ‌وا ئه‌م که‌ل و په لانه‌یشی بۆخستونه ته‌وه نێو باره‌کان تا زیاتر تا سه‌باری چون بۆ میسر بن، یاقوب که هیوای دیتنی یوسفی کـوڕی له‌دڵ و ده‌رونـیدا روناک هه‌ڵگه رابو، رازی بو تا بنیامینیان له‌گه‌ڵدا بنێرێته میسر و له دڵیشه‌وه بنیامینی به خواسپارد و وتی: هه‌ر خوایه پارێزه‌رو راگرو ده‌هه نده و دڵاوا و دڵۆفان.

□ به‌کورتی و به‌کوردی بێژین: دوای ماوه یه‌ک، که ئازوخه و دانه وێڵه‌ی خاوخێزانی ماڵه باوه یاقوب له‌که‌م وکوڕی دا، کوره‌کان چونه خزمه‌ت باوکیان تا بنیامینیان له‌گه‌ڵ بخا و بۆ گه‌نم کڕین دوباره بچنه‌وه میسر، یاقوب دوای را سپاردنێ زۆرو دوعای خێر کردن بۆئه‌وان، بنیامینی پیێ سپاردن.

جاکاتێ کوڕانی یاقوب چونه میسر، چونه لای یوسف، جا چـون یـوسف چـاوی بـه براکانی که‌وت ئه‌سرینی شه‌وق له‌کالانه‌ی چاوه‌گه‌ش و جوانه‌کانیدا جه‌م بو و حه‌لقه‌ی

Dr.Saleh Ebrahimi



بەم خۆشە و دوری ئەم کورە بۆ باوکمان گران تەوا و دەبێ و ئێمەیش ئەوە ندەی دیکە لای باوە کاروبارمان دەبێ خراوە و ئابرومان دەتکێ و تکاوە و کەسایەیتمان دەبێ پوچاوە.

یوسف وتی: ئەمەلە قانون و شەریعەتی ئێمە دانییە، کە کەسێ تاوان بار بێ و یەکێ دیکەی لەبارمتەدا بگیردرێ، چون کاسەی پێوانە کە لەلاباری بنیامین دا پەیدا کراوە، ئەبێ ئەو قەتیس را بگیردرێ، بەڵێ: چون براکان زانییان گریە و زاری و پارنەوە کەڵکی بۆیان نییە، براگەورەکەیان وتی: من لێرە لە میسر دە مێنمەوە، ئێوە بگەرێنەوە کەنعان لای باوە و پیێ رابگەیین ئەم کارەساتە قەو ماوە. جاکاتێ گەیشتنە وە لای باوە، یاقوب روانی و زانی کە بنیامین لەگەڵ براکانیدا نییە و نەگەراوە تەوە، پرسی کەوا بنیامین؟ کورەکانیش ئەوەی لە و روی دابو، ورد بۆ یاقوبیان گێراوە، بەلام یاقوب بڕوای بەقسەکانی ئەوان نەکرد و پیێ و تن:

بۆچ جوان چاوە دێریتان لەو نەکرد، چلونە؟ کە هەر پێکەوە دەرۆنە شوێنێ یەکێ لە ئێوە بە جێ دە مێنێ و کە میدێنن، بە مجۆرە و بە مشیوە ئێوە دەرۆن، دەترسم هەموتان لە کیسن بچن. کورەکان وتیان باوە! خوائاگایە لەم بابەتەوە قسەکانمان راستە و بنیامین ئێستا لای پاشای میسر بە بارمتە راگیراوە و براگە و رەشمان لای ئەو جێماوە، پاشای میسر زۆر مرۆیە و پیاوانە بە تاوانی دزی کاسەی پێوانە، بنیامین لای پاشا راگیراوە. ئەگەر بەباشی بزانی تۆ نامە یەک بۆ پاشای میسر بنوسە و ئەو لەکار و باری ژیانی خۆت ئاگار بکە، بە ڵکو خوا بیکاو کەند و کۆسپ لاچێ و تۆیش خەفەتی دوری بنیامینت لە دڵ دەرچێ.

یاقوب لە سەر ئەسپاردەی، کورەکانی بە مشێوە نامە یەکی بۆ عەزیزی میسر (یوسف) نوسی: بە ناوی خوای بەخشەرو دلاوا: بسم‌الله الّرحمن الّرحیم + من تاه نهیةُ الحکیم.

دلاوایی و کارچاکی پیاوەتی تۆ سەبارەت بە خاوخێزانی پێغەمبەر ایەتی، بۆتە هۆ تازیندوم دوعای خێر و تەمەنی پڕ بە رەکە تت بۆ بکەم، چاوم لە خەفەتی دوری زار و کم یوسف سۆمای نە ماوە و گلینەم سپی هە ڵگەراوە و پشتم وەک قەفی گۆچان چە ماوە و هێزم نە ماوە، جەرگم لە سۆیان براوە. بزانە ئێمە لە بنە ماڵەی پێغەمبەرانین، دە رد و

Dr.Saleh Ebrahimi



مه‌ینه‌ت به سه‌رماندا باریوه، باوه‌گه‌وره‌م ئیبراهیم له ئاگری نمرود خراوه و ئیسماعیلی باوکم سه‌ر بریاوه و به رانی له باتی دریاره، منیش له دوری یوسفی کورم به‌ڵێ یوسف دڵم هه‌ڵقرچاوه و له به‌ر گریان و زاری سۆمای چاوانم له ده‌ست داوه، ئێستا دڵم به بنیامین داوه، تۆ به‌رکه به‌ملاوه‌و بنیامین له‌به‌ر من بنێره‌وه بۆ دواوه، بۆکه‌نعان بۆ لای ئه‌م باوه دڵسوه‌تاو، لێقه و میاوه، که یادگاری یوسفی کورمه، که به فه‌رمانی تۆ ناردومه‌ته میسر بۆ ئه‌و ناوه که ده‌خل و دانه وێڵه‌مان، بووه ته‌واوه بۆم نبێـره‌وه تـا بـه‌ندی جـه‌رگ و دڵم نه‌پساوه، تابۆت بکه‌م دوعای خێر و ته‌مه‌نی پڕ به‌ره‌که‌ت، بۆ تۆ، ببێ ته واوه، له‌لایه‌ن ئه‌م لێقه‌ماوه، دڵ شکیایه وه. (ان‌الله لایضیع اجرالمحسنین) ئه‌وسایه قوب نامه‌ی مۆر کرد و دایه ده‌ست کوره‌کانی و ئه‌وانی به‌ره و میسر رێ‌خست به‌و هیوایه تا بنیامین بگه‌ڕێنه‌وه بۆ دواوه، بۆلای باوه دڵ سوزیاوه.

کوره‌کان زۆر به په‌له به ره‌و میسرگه رانه‌وه و یه‌کسه‌ر، وه راست چونه‌لای یوسفی دڵ بریاوه و نامه‌ی باوه‌ی بۆ رۆن کرایاوه، جاکاتێ یوسف وێنه‌ی ده‌س و خه‌تی باوه‌ی دریا به نێوچاوا، بوێی روانی و خوێندی یـه‌وه، حـه‌به سـیاو، گـریاوه نـامه‌ی نـابان چـاوی فرمێسکاوی و تێرتێر ماچی کرد و نایه‌وه سه‌ر نێو چاوانی، ده‌سخه‌تی ماڵه باوانی، جادوا به دوای ئه‌وه، ده‌ستی کرد به خوێندنه‌وه‌ی نامه‌ی باوه، کاتێ له خوێندنه‌وه‌ی بو ته واوه، یوسف به ناچار خۆی ناساند به وبرا ده‌ره‌تان براوانه و ئه‌وانی گرته باوه‌ش، به ته‌واوی و دلاوایی و لێبوردوی، وه‌کاردساتی خۆی مو به مو بۆیانی گێراوه و به‌وانی وت: هه‌رچی بویا له رابورد و داقه و ماوه، رق و قین سه‌بارت به ئێو. له دڵمدا نه ماوه، براکان به بیستنی قسه و پیاوه‌تی یوسف گشتیان له قوڵپه‌ی گریان‌دا و ده‌سـتیان کـرد بـه‌ گـریه و زاری و پارانه‌وه تا یوسف له تاوانیان ببورێ و لیان خۆش بێ و خۆیان دا به‌سه‌ر پێ یوسف داتا به دڵ بیان به خشێ.

براکان به تێکرا له ناخی دڵ و ده‌رونه‌وه تۆبه‌یان کرد و شوکرانه‌یان به‌جێ هێنا. ئـه‌وسا یوسف کراسی به رخۆی ده رهێناو دایه ده‌ست براکانی و پێی و تن: ئه‌م کراسه‌م به‌رن بۆ باوکم تا بیهێنێ به‌سه‌ر چاویدا و چاوی بینایی بێته‌وه و هه‌روا دوسه‌ت وشتریشی پێدان تا

Dr.Saleh Ebrahimi



له‌که نعانه‌وه ماڵ و کۆچی خۆیانی لێ بار بکه‌ن و بیهێننه میسر و له میسردا پێکه‌وه بژین و رای بوێرن.

یه هوداکراسه‌که‌ی یوسفی هه‌ڵگرت و له‌گه‌ڵ براکانی هه مو پێکه‌وه به په‌له‌گه‌رانه‌وه بۆ که‌نعان، یه هوداکه له پێشه‌وه ده‌روێی کاتێ گه‌یشته خزمه‌ت باوکی، مزگێنی داکه‌کراسی یوسفم بۆ هێناوی، یاقوب کراسه‌که‌ی گرت و نایه سه‌ر چاوانی و ده‌ستی کرد به‌گریان و له پاشان چاوی به‌و کراسه سڕی یه‌وه و چاوی کراوه و بینایی هاته‌وه سه‌رگلێنه‌کانی. جا کاتێ چاوی یاقوب کراوه، له‌بابه‌ت یوسفه‌وه پرسیاری له‌کوره‌کان ده‌کردو ئه‌وانیش له سیر تا پیاز هه‌مو شتێکیان مو به مو بۆ باوکیان گێراوه، جادوای قسه و باسێ زۆر یاقوب زۆر به تاسه‌وه ده‌ستوری دا تا هه‌موبنه ماڵه‌ی یاقوب بار باربکه‌ن و به‌ره و میسر بکه‌ونه رێگا و بچنه میسر.

له‌م لاشه‌وه یوسف ده‌ستوری داتا چاوه روان بن، تا بنه ماڵه‌ی یاقوب له میسر نێزیک بونه‌وه، ئاگاداری بکه‌ن و هه واڵی هاتنی باوکی پێ‌بده‌ن. یوسف خه‌ریکی کارو باری وڵات و دابین کردنی رسق و رۆزی خه‌ڵک بو، له پڕ خه‌به‌ریان داکه له لایه‌ن که‌نعانه‌وه ماڵ و کۆچی یاقوب به‌ره و میسر دێ.

یوسف زۆر شاد و خۆشحاڵ بو، زۆر به دڵ و داو له‌گه‌ڵ کۆرێ زۆر له خه‌ڵکی میسر چونه به ره‌و پیری یاقوبی باوکی، له‌ولای شاره‌وه، یوسف چو به ره و پیر باوکی و یه‌کتریان له باوه‌ش گرت، له حاڵێکدا فرمێسک له چاویان ده‌تکا، یه‌کتریان تێرتێر، وه زۆر به تاسه‌وه ماچ کرد و یاقوب یوسفی دڵبه‌ندی توند نوساند به سینگی یه‌وه، تائۆخه‌ی له‌دڵ و ده‌رونی بڕیا و خۆشی و شادی له ده‌رونی پڕگڕی گه‌ڕیا.

گه‌لۆ: باوک و کوڕ دوای ساڵه‌ها دوری دیداریان به یه‌کتر شاد بوو له خۆشیان پێیان، وه ئه‌رز نه‌ده‌که‌وت، به‌و شوکرانه هه‌مو به‌ندی یه‌کانی میسر ئازادکران و جه‌ژنێ زۆر خۆش و پڕشکۆ به بۆنه‌ی شادبونی یوسف به یاقوبی بابی له میسر دا ساز دراو جێژنێ زۆر خۆش به ریوه بریا.

به‌ڵێ ئازیزان یوسف باوکی و خاڵتیکی نابان ته‌خت لای خۆی و براکانیشی تێکرا له‌گه‌ڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



باوه و دایه، (زردایک) چونه سوژده بەو شوکرانه وه، براکان داوای لیبودنیان له یوسفی برایان کرد و ئەویش لییان خوشبو و دڵداری دانەوه و پێی و تن: له خواداوای لیبوردن بکەن تا خوایش لێتان ببورێ هەروه ک من لێتان دەبورم.

جاله و دەمەی دا یاقوب روی کرده یوسف و پێی فەرمو: ئەمه بو واتای خەون دیتنه کەت که خوابه راستی گێرا و ئێستا دوای چل ساڵ ئەو خەون دیتنه هاتەدی.

□ دەگێرنەوه روژێ له روژان یوسف لەگەڵ هەندێ کەس دا به شارا دەگەرا تاله نێزیکەوه بروانێته باری ژیانی خەڵکی، له ناکاو یوسف چاوی کەوت به زولەیـخا، وا پـیرو کوم بوتەوه و به کوتەکوت دەروا و چاویشی لەسوماکه و توه، یوسف لیێ چووه پێشەوەو پیێوت: ئەی زولەیخا به سەرهاتی کار و باری خوتم بو بگێره وه تا رێـز و هێـزت بو بگێرمەوه، وه ئێستاکه بیوەژنی مارەت بکەم.

زولەیخا لەوەلاما وتی: ئەو سه رده مەی که لەتافی لاوی، جوانچاکی، خوشیکی و بینایی دابوم، دوریت لێم دەکرد، ئێستا جوانی و هێز و بیناییم له دەست داوه، دمخوازی؟ هەی هو، هەی هو، لەکیسم چو.

یوسف وتی: ئەو سەر دەمه، تو مێردت هەبو، بڵێ بزانم هەر ئاره زویەکت هەیه تا بوت جێی به جێی بکەم.

زولەیخا وتی: چوارشتم دەوتێ ئەگەر بکرێ: هێز، رێز، بینایی و جەوانی.

یوسف فەرموی: شوم پێیبکه رێز و هێز پەیدا دەکەی، بەلام بینایی و جوان بونەوه به دەست خودایه.

وەحی وئیلهام هات (ئەوەی له توانات دایه ئەنجامی بده و ئەوەی له وزەت به دەره له خوای بخوازه).

یوسفیش هەروای کرد و زولەیخای مارەکرد و خوایش بینایی و جـوان بـونەوەی بـه زولەیخا به خشی.

□ دەگێرنەوه دوای چەند ساڵ که یوسف به دیداری باوکی شاد بو و زولەیخای مارە برِی، فیرعەون مرد و یوسف بووه هەمەکارەی ولاتی مبسر و له فەرموده دایه، دەڵێن:

Dr.Saleh Ebrahimi



یاقوب دوای ئەوەی بە دیداری یوسفی کوڕی شاد بو، سی ساڵی دیکە ژیاوە و لە سەرە مەرگ دا بە یوسفی فەرموە: لای ئیبراهیم باوەگەورەم لە وڵاتی شام بم نێژە

دەڵێن: یوسفیش سپاردەی یاقوبی بابی بە جێیێ هێناوە و یاقوب لە شام لە نێزیک حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل ئێژراوە.

□ دەگێرنەوە حەزرەتی یوسف دوای وەفاتی باوکی ۲۲ ساڵی دیکە ژیاوە و لە ۱۱۰ یا بە قسەیێ دیکە ۱۲۰ ساڵیدا بەرە و لای خوا بارکەی تێکناوە.

ئەمەیش چەند شیعری گوڵ بژێری کوردی لە بایەت یوسف و زولەیخاوە:

یـوسف بۆ هـاودەم حـەزرەتی یـاقوب لە لای بـاوکی بـونازدار و مـەحجوب

زولەیخا

ئـــەی بـــرایـــنە بـــبن ئـــاگـــادار لە بـــاسی نـــەسەب زولەیـــخای دڵدار

باوکی حـاکـم بـو لە شـاری (نـەیموس) لە لای رۆژاواگـــەورە و بـــە نـاموس

کـــچێکـــی جـوانـــی هـــەبو پـــادشا شـــیرین و دلبـــەر نـــاوی (زولەیـــخا)

سـەر تـا پـا بێ عـەیب بـالاوەک چـنار نـازک و لەتـیف وەک‌گـوڵی بـە هـار

□ شەوێ نە سیم نەو وە هـار وەش تـەر جە شنۆی شە میم گوڵزار دڵ کەش تـەر

زولەیخای زولف دێز چە رخ چەم سیاو دیدەی مە خمورەش مـەست جـام خـاو

چون زولەیـخا دیش شێـوەی شـیرینەش هـــیلال ئـــەبرۆ بـــە در جـــەبینەش

حەیران بی جەو حوسن شێوە و شە مایل بەک دڵ نە صەد دڵ پـەنەش بـی مـایل

صوب شە ماڵ پە ردەی ظوڵمانی لا بەرد کەرگە سیاوێ هێڵـەی چـەرمەش کـەرد

جـە قـاسپەی ژە رەژ چـریکەی بـولبول بـیوە زیـر و بـەم سـە را پـەردەی گـوڵ

مەشاطەی نە سیم ئـارام دەستەش بـەرد گۆشوارەی شە و نم نە گۆشی گوڵ کەرد

ســـوچیا ئـــەعضاش جـــەمەیل دڵدار ساکت بیی جەخەوف شە ماتەی ئـەغیار

دڵەی خەمبارش وە خوم خەم مـە وەرد وەهە زار مەینەت شـەو، وەرۆ مـە بـەرد

پـەردە دار بـە زم مـەیخواران شـەوەن پـــــەردە پۆش راز دڵداران شـــــەوەن

وادەی سۆز و سـاز دە روێشـان شـەوەن جـای راز و نـیاز دڵ رێشـان شـەوەن

Dr.Saleh Ebrahimi



یاگەی ریزەی رازهام دەردان شەوەن     جاگەی سکالای هام فەردان شەوەن
حەجلەی پەروانەی شەیدای شەم شەوەن     حوفلەی نۆشانۆش بادەی خەم شەوەن
قەلای شەو چەند راز حەصاری کەردەن     عاقلان ماچان شەو قەلای مەردەن
زولەیخاوەی طور شەو چەنەش مەویەرد     صوب شەفەق ئاسا ئەسرین پاک مەکەرد
وەختەن شەرارەی فەنا بشو لێم     ئامانەن دڵبەر رەحمەت بێو پێم
یوسف نە گوفتار زولەیخای عەزیز     وازکەرد قوفڵ قاف حوقەی گەوهەر رێز
واتەش نە ئەولاد نەوەی ئادەمم     جنس ئاو و خاک فیرقەی عالەمم
ئەرتۆشۆر عەشق من شەیدات کەردەن     بێ تاو و تاقەت هووەیدات کەردەن
بە ساق سیمین بانوی گەو هەر سەنج     حەلقە بەست ئەومار نە دەوران گەنج
بە لێ ئەو تەرلان گەنج بێ بەهان     هەر گەنجێ مارێش مە بۆ پاسەوان
زولەیخا چونمار لوا وەگە نجەش     فزون بیی ئەندۆش گران بیی رەنجەش
گاگا مەنالا چون دەردەداران     گا مەبی مەلول چون ئازیەت باران
شیرین شەم بێز چەنی بار وەرد     سالی بەی دەستور جە عومرەش و یەرد
□ شەوێ لەشەوان سەری نایەوە     لە حوجرەی نازدار بۆ خۆی مایەوە
لەخەودا یوسف هاتە بەرچاوی     بردی ئارامی جەرگ و هەناوی
مات و سەرگەردان بون بۆ گوفتگوێ     نەی ئەدا بەکەس مەیلی دڵی خۆی
لەپاش یەکساڵ بو، یوسفی سەروەر     هاتەوە خەوی زولەیخای دڵبەر
بە بالای عەرعەر گوفتاری شیرین     رومەتی وەک گوڵ شۆخی نازەنین
هاتە بەردە می زۆر بە خاوێنی     زولەیخا دەستی برد بۆ داوێنی
رابەری لە خەو، نازداری شیرین     بەکەیف و خۆشی و شادی و پێکەنین
پالی دایە وە سەر کورسی زێرین     عەقلی هاتە سەر گوفتوگۆیی شیرین

جادوای ئەوەی یوسفیان خستە چالاو بابزانین براکانی یوسف چیان بە یاقوب وت:

گە رانەوە دوا بۆشاری کەنعان     بەشین و رۆ رۆ بەزاری و گریان
لە دەنگی گریان مە خلوق خرۆشان     یاقوبی هەژار دەرونی جۆشا

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرموی پێم بڵێن: تو خودا رۆڵەگیان	لەبەرچی دەکەن شیوەن و گریان
بۆ لە ناوچونی یوسفی نازدار	مات و عاجز بون، حزین و غەمبار
فەرموی: ئەی هاوار جەرگم براوە	یوسف فەوتاوە هێزم نەماوە
عاقیبەت فەرموی: (فصبر جمیل)	بەڵکو رەحم کات خالقی جەلیل

جادوای ئەوەی یوسف کەوتە زیندان

عەزیز ئەمری کرد دەر حاڵ غولامان	یوسفیان هەڵگرت بردیان بۆ زیندان

شاعیری بیر وردو بوژێنەری واژەی جوانی کوردی، زانا و نیشتمان ویست، بە رێز عومەر ساڵحی ساحێب، (کۆلیل)، لەو شوێنەی کە زولەیخا بە یوسف دەڵێ:

بە شیعرو هۆنە دەڵێ:

موعجیزەی جوانی تویە دەزانم	بە ئاو کە ئاگر دەخەیتە گمانم

لەبا بەت براکانی یوسفیشەوە دەڵێ:

برا چوزانێ قیمەتی گەو هەر	قەدری زەڕ ئەگرێ کاکی زەڕنگەر
یاقۆ دەزانێ قیمەتی چەنێ	هەر زولەیخایە کەسێ بی سەنێ